ئەمیندارێتی ی گشتی ی
ڕۆشنبیری و لاوان

# مەقامەکانی

chalakmuhamad@gmail.com

## شێوەی هونەرمەندی کورد
## لە ئەرازووی ڕەسەنایەتی دا

نوسینی
کەریم شارەزا

# ووشەیەک

خوێنەری بەڕێز ... ئەوەی لەم کتێبەدا دەی خوێنیەوە ، لێکۆڵینەوەیەکە لەسەر گۆرانی‌و مەقامەکانی سێوەی مەقامبێژی هونەرمەندی کورد ، لەگەڵ دەست نیشان کردنی دەوری شاری کۆیە لە کاروانی ئاوازو گۆرانی‌ی کوردیدا .

ئەو ئارەزووەی پاڵی پێوەناوم بۆ ئەم کارەم ، بە ڕادەی یەکەم ئاگاداریمە لە ژیان‌و هونەری ئاوازو گۆرانی‌یەکانی سێوەی هونەرمەندی ڕۆڵەی ئەو شارەی کۆیە ، کە خۆشم پەروەردەی جوانی‌و خۆشی دیمەنە دڵگیرەکانیم . ئەو ئاگاداری‌یەشم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی چلەکان ، بۆ نەورۆزی ١٩٤٥ ی ئەو شارە زیندووە ، کە بۆ یەکەم جار ئاهەنگی نەورۆزی بە ئاشکرا تێدا گێڕدراو گوێم لە دەنگ‌و ئاوازە کوردی‌یە رەسەنەکانی بووەو مەستی دەنگە خۆشەکەی بووم‌و ، هەردەم حەزم کردووە لە نزیکەوە بیناسم‌و گوێ لە گۆرانی‌یەکانی ڕابگرم‌و سەرخۆشی ئاوازە پڕجۆش‌و خرۆشەکانی‌بم .

کە لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٨ دا (کۆمەڵی بووژاندنەوەی هونەرە جوانەکان)-مان لە کۆیە دامەزراند ، سێوەی هونەرمەندمان وەك ئەندامێکی فەخری لەو کۆمەڵە وەرگرت‌و گەڵێ مەقامی رەسەنی کوردی بە یارمەتی تیپی مۆسیقای باواجی یا تیپی مۆسیقای مەولەوی بۆ لەسەر شانۆی ئاهەنگەکانی ئەو کۆمەڵەمان پێشکەش بە جەماوەری شارەکانی کۆیەو سلێمانی‌و ڕانیەو هەولێر کردووە .

کە لە نووسینەکەم بوومەوە لەسەر داوای یەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر لایەنە ئەدەبی‌یەکەی‌و لەسەر ئارەزووی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردیش هەر لەم شارەدا لایەنە هونەری‌یەکەیم لە هاوینی ١٩٧٩ دا پێشکەش بە ئەدیب‌و هونەرمەندان کرد .

CHAIAK M
00 46 - 704 045 250

ئەوەی لەکاتی پێشکەش‌کردنی کۆڕەکاندا هەستم پێ‌کرد ، کەم هێزی لایەنە هونەرییەکەیان بوو ، پتەو کردنی ئەو لایەنەش لەتواناو دەسەڵاتی من دا نەبوو ، چونکە من مۆسیقا زان نیم تاکو نۆتە بۆ ئاوازەکان دابنێم‌و شیتەڵیان بکەم ٠ بۆیە وام بە پەسەند زانی روو لە چەند مۆسیقا زانێکی هونەرمەندی کورد بکەم بۆ تەواو کردنی ئەو لایەنەی باسەکەم ٠ لەوانە هەنەرمەندان (وریا ئەحمەد) لە هەولێرو ئەنوەر قەرەداخی لە سلێمانی بە دوا دەنگمانەوە هاتن یەکەمیان نۆتەی مۆسیقای سێ گۆرانی بۆ دانام‌و دووەمیشیان ئاوازی مەقامەکانی (عایشە گوڵ) و (گوڵێ) ی بۆ شیتەڵ کردم وام بە پەسەند زانی نۆتەکان لەگەڵ گۆرانیەکاندا بڵاوبکەمەوەو نووسین‌و شیتەڵ کردنەکەی مۆسیقازان ( ئەنوەر قەرەداخی) یش وەکوو خۆی بکەم بە پاشکۆی کتێبەکەم ٠ ئیدی هیوادارم توانی بێتم خزمەتێکی ئەدەب‌و هونەری کوردی بکەم ٠

کەریم شارەزا

هەولێر ١٩٨٠/٢/٤

# ئاوازو گۆرانیی کوردی

گەلی کورد لە سەرەتای بوونیەوە تاکوو ئەمڕۆی ، خاوەنی هونەری ئاوازو گۆرانیی تایبەتی خۆی بووەو . ئەو هونەرەیشی بە پێی قۆناغو سەردەمی ژیانی ، وەك ڕاستیەکەی ، هەردەم لە بازنەو بواری سەرخانی ژیانی ئابووریی کۆمەڵگاکەی و دەهێنەو چینە کاربەدەستەکانی ئەو سەردەمەیدا سووڕاوەتەوە .

هەرچەندە دیوی دووەمی ئەو هونەرەیشی بۆ سوودو ماندوو حەسانەوە ، یا بۆ ئاخ هەڵڕشتنی چینە زەحمەتکێشەکانیشەوە خوڵقابێ بەڵام ئەو ڕێگاو بوارە ئاشکراو فراوانەی پێ نەدراوە ، تا وەك دیوی یەکەمی گەشە بکاو بکەوێتە ناو ئەنجومەنی کاربەدەستان ، تا بایەخی شایستەی خۆی پێ بدرێ .

هونەری ئاوازو گۆرانیی کوردی بە هەردوو دیوەکەیەوە ، لە هەمان سەرچاوەوە سەری هەڵداوە ، ئەویش ژیانو دەورو بەرەکەیەتی ، چونکە جگە لە بارە ئابووریەکەی ژیانی ئینسانی کورد ، سروشتی دەورو بەرەکەیشی بە شێکی جودا نەکراوە بووە لە ژیانەکەی ، دەورێکی کاریگەری بووە لە خوڵقاندنی ئەو هونەرە جوانەدا .

بۆیە دەتوانم بڵێم : لە کۆنەوە ئاوازو گۆرانی کوردی هەر ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵەکەی و ڕەنگدانەوەی ئاوازە سروشتییەکانی نێو جەرگەی خاکە دڵگیرەکەی بووە ! هەر لە هاژەی بەفراوانی کوێستانو خوڕەی تاڤگەی قەد پاڵی کێوە بەرزەکانو شڵپەی شەپۆلی ڕووباری ساردو سازگارو شنەی شەماڵی فێنکەوە بگرە ، تا دەگاتە قاسپەی کەوی سەر ڕەوەزە چیا بەرزەکانو چریکەی شالوورو بولبولانی نێو باخو ڕەزان ، تا تێکەڵ دەبن بە ترپەی پێی کچی نەشمیلانو ئاوازی لەنجەی یاری شۆخو شەنگو خورپەی دڵی ئاشقانو ناڵەی هەژاران .

ئەمانە هەموویان بوون بە هەوێنی ئاوازی گۆرانی کوردی‌و هەستێ ناسك‌و جۆشێکی گەرم‌و گوڕیان خستۆتە ناو دڵ‌و دەروونی سەرجەم ڕۆڵەکانی کورد ، بە گشتی‌و دەستەی خۆشخوان‌و گۆرانی بێژانی بە تایبەتی

خۆشخوان‌و گۆرانی بێژیش لە ڕێگەی هەست ناسکی‌و بەهرە هونەری‌یانەوە ، توانیویانە ئاوازی خۆش‌و دڵکێش دابهێنن‌و بە دەنگ زوڵاڵیان مێشکی گوێگران مەست بکەن‌و گۆرانی‌و مەقامی ڕەسەنی کورد بخولقێنن‌و پشتاو پشت بۆمان بەجێ بهێڵن‌و بە پێی دەورو قۆناغ زاخاو بدەنەوەو لەگەڵ چێژو ئارەزووی خەڵکەکەی‌دا بگونجێنن‌و گەشەی پێ‌بکەن‌و خۆشیان لە ڕێگەی بەهرەی هونەری‌یانەوە جێ پێی خۆیان لەسەر زەمینە پتەوی کۆمەڵەکەیان بچەسپێنن‌و ، خۆیان بە چین‌و توێژەکانی گەلەکەیا بسەلمێنن ·

هەر چەندە جاران خۆشخوان‌و گۆرانی بێژ وەك هونەرمەندێکی ئێستە چاویان لێ نەکراوەو ، ڕێزیان لێ نەگیراوە ، بەڵام هەردەم لە قۆناغ‌و مەجلیسی میرو ئاغاو کار بەدەستاندا ، لە کوێخاو گزیرو سەرکارو پاکارو بەردەستە ماقووڵتر بوون[1] ·

چونکە هیچ دابو دەستورێکی خۆشی‌و شادیی خەڵکەکە بە بێ ئاواز گۆرانی‌و گۆرانی بێژان مەیسەر نەبووە ، هیچ شـــایی‌و گۆوەندی بوو گواستنەو ئاهەنگی شەوارەو سونەتانە ، بەبێ سازو ئاوازی دەهۆڵ‌و زوڕنا یا بلوێرو شمشاڵ‌و گۆرانی‌ی خۆشخوانان نەگێڕدراوەو ، هیچ هەڵقەی زیکری صۆفیان‌و ، ئاهەنگی خوێندنەوەی مەولوودنامەی پێغەمبەر ، بەبێ ئاوازی دەف‌و دەنگی زوڵاڵی مەقامبێژی هونەرمەند نەگێڕدراوە ·

---

(١) پێشەکی (توحفەی موزەفەری‌یە)ی ئۆسکارمان ـ ساخکردنەوەی هێمن · بەغدا ـ کۆڕی زانیاری کورد ـ ساڵی ١٩٧٥ ، بەشی یەکەم ، ل٨ ·

بە کورتی هونەری ئاوازو گۆرانیی کوردی ، هەروەك لە دڵو دەروونی رۆڵەکانی گەلەکەی‌و لە سروشتی خاکەکەیەوە پسکاوە ، لە هەمان کاتیشدا بووە بە بەشێکی بنەڕەتی لە خووڕەوشتی رەسەنی تەتەوایەتی گەلی کوردو ، هەرگیز لێی جودا ناکرێتەوە ٠

بۆیە هەر لە کۆنەوە بە دەیان ، بەڵکوو بە سەدان ئاوازی گـــۆرانی ڕەسەنی کوردی لەناو رۆڵەکانی گەلەکەماندا خوڵقاوەو ، خاسیەتێکی تایبەتی نەتەوایەتی خۆی وەرگرتووە کە بە ئاسانی لە ئاوازی نەتەوە دراوسێکانی جودا بکرێتەوە ، وەك ئاوازەکانی ڕاست‌و سیگاو چوارگاو پێنج‌گاو عەجەم‌و بەیات‌و حیجازی کوردو موحەیبەرو ئۆرفەو نیوەشـــەو ئاوازەکانی لاوکو حەیران و بەستەی خۆماڵی ٠

شاعیری نەوەیی کـــورد ( ئەثیری = ئەسیری ١٨٩٠ـ١٩٦٢) وەك شارەزایێکی سازو ئاوازی کوردی هەستی بەوە کردووەو ، هەندێ لـەو ئاوازە کوردییانەی لەناو هۆنراوەیەکی‌دا بە ناونیشانی « رۆڵەی کوردم» ناو هێناوەو دەڵێ :ـ

کابرا مـــەڕوانە ماڵو خـانەیی وێرانی مـن
تێبگە تەحسیل‌و کەسب‌و کردەوەو عیرفانی من
ئیدیعایی عیلمی مۆسیقای ئەمن ئیسپات ئەکا
راست‌و سیگاوو بەیات‌و لاوکو حەیرانی من (١)

وە لە ئامێرەکانی مۆسیقاش ، گەلی کورد ئاشنایەتی لە گـــەڵ ئامێری مۆسیقای رۆژهەڵاتی وەکوو : « دەف‌و دەهـــۆڵ‌و زوڕناو بلوێرو شـــمشاڵ‌و کەڕەناو دووزەلەو باڵەبان‌و عوودو سازو ســـەمتوورو جومبوش‌و چەنگ‌و

(١) ئەسیری ـ کەریم شارەزاو جەبار جەباری ـ هەولێر ١٩٧٤ ، ل ٦٥ ٠

زیلو بەم نەقفارە » . بووەو ، گۆرانی بێژە هونەر مەندەکانی : ئاوازی گۆرانیو مەقمەکانیان پێ سازکردوون .

# کۆیەو کاروانی ئاوازو گۆرانی کوردی

کۆیە شارێکی مێژوویی کـــوردە ، لە کۆنەوە ناوچەیێکی بازرگانیو رۆشنبیریی زیندووبووەو هەردەم کاروانەراو قۆناغی سەرە ڕێی کاروانی بازرگانی نێوانی عیراقو ئێران بووە . بازاڕەکـــەیشی هەمیشە پیشانگای بەرهەمە کشتوکاڵیو پیشەسازییە ناوخۆییەکانی خۆیبووە ، پێویستییە ـ کانی دانیشتوانی ناوخۆیو دەوروپشتیو دەرامەتی بازرگانەکانی ناوەوەو دەرەوەی دابین کردووە .

لە نزیكو لە دوورەوە . زاناو شاعیرو گۆرانی بێژە هەڵکەوتووەکانی کورد روویان تێکردووەو ، کردوویانە بە مەیدانی جموجوڵیو چالاکییەکانی خۆیانو ، زانیاریو هونەری شیعرو گۆرانییان تێدا بڵاوکردۆتەوەو ، لـــە هەمان کاتیشدا زانستو هونەری تازەیشی لێوە فێربوون[1] .

بەم جۆرە تابووە بە شارێکی بازرگانیی زیندووو ، بە ناوچەیێکی زانستو هونەری شیعرو ئاوازو گۆرانی کوردیی بە ناوبانگ ، بە تایبەتی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ، لەو کاتەی کە گەلێ زانای بلیمەتو شاعیرو هونەرمەندی هەڵکەوتووو ، کاربەدەستی زانستو هونەر پەروەری وەکوو [ حاجی بەکر ئاغای (ناصد) ١٧٨٥ـ١٨٥٣ز ] و [ ئەمین ئاغای ئەختەر ١٨٣٩ـ١٨٨٧ز ] ی شاعیری هونەرمەندی کوڕە گەورەی سەریان هەڵداوە ، کـــە بەدرێژایی تەمەنیان کۆڕو دانیشتنەکانی نێو دیوەخانەکەیان هەردەم گۆشەی ئەدەبو

(١) گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٧٨ ، ل ٦٠ ، وتارێك لە سەر سێوە .



( کۆیە شاری ئەدەب هونەری کوردی )

هونەری رەسەنی کوردی بوون ، هەروەکوو مامۆستا (مەسعوود محەمەد) لە بەشی یەکەمی کتێبەکەی ( حاجی قادری کۆیی ) دادەڵێ « ئەمین ئاغاش وەك باوکی ئەدیبو شاعیرو هونەر پەروەر بووە ، هەمان کۆبوونەوەی رۆشنبیری سەردەمی باوکی لە دیوەخانەکەیدا بەردەوام بووە ، بە زیاد کردنی کەرەستە ـ یەکی تازەی زەوقو ئارایشت کە گۆرانیو مۆسیقا بووە »[1] .

نووسەری ناوبراو لەسەر باسەکەی دەرواو دوا بە دوای ئەمە دەڵێ :ـ « لە سەردەمی ئەمین ئاغادا بازاری گۆرانیو مۆسیقا سەر لەنوێ کەوتەوە گەڕ ، فێرگەی بەستەسازیو مۆسیقاشناسی کە میراتێکی یەکجار کۆنی

(١) حاجی قادری کۆیی ـ بەشی یەکەم ـ مەسعوود محەمەد ـ بەغدا ١٩٧٣ ، ل ٢٠٦ .

رابوردووی کۆیەیە ، نویٚ بووەوەو بووژایەوە ، جگە لە کۆیە جێگەی دیکەش هەبووە لە کوردستان مەجلیس‌و رابواردنی وەهای تێدا بووە ، بەڵام گومانم لەوەدا نیە لە ڕووی وەستایی‌و هونەرکاری‌یەوە هاوتای دانیشـــتنەکانی دیوەخانی ئەمین ئاغا یەکجار کەم هەبووە · چونکە رێکەوت وابوو ئەمین ئاغا بۆ خۆی شاعیرێکی هێژا بووە ، لە کوردی‌و فارسی‌و بەشێکی زۆری لە بەیتی گۆرانی‌و بەستەکانی خۆی دەیهۆندنەوە ، ئەوەی خەڵکی دیکەش هەڵی بەستبان لە پێش چاوی رەخنەگرو نیگای پڕ هونەری ئەودا تێپـــەڕ دەبوو ، ئەوجـا دەبوون بە گۆرانی‌و دەخرانە قالبی مۆسیقاوە »[٢] ·

بۆیە ئەو شاعیرو زانایانەی هاونشینی ئەمین ئاغای ئەختـــەر بوون هەر لە حاجی قادری کۆیی ( ١٨١٦ ـ ١٨٩٧ز ) و ( حاجی مەلا عەبدوڵلای جەلی زادە ١٨٣٤ ـ ١٩٠٨ز )ەوە بگرە تاکوو دەگاتە ( شێخ رەزای تاڵەبانی ١٨٣٢ ـ ١٩١٠ز )[٣]و کەیفی جوانڕۆیی‌و موجرمی شاعیر ( رەشید ئاغای حاجی بەکر ئاغای برای ئەختەر ) ، هەموویان لە پاڵ زانست‌و ئەدەبەکەیانەوە، نەك هەر بنچینەیێکی باش ، بەڵکوو زانیاری‌یەکی تەواویشیان بووە لـــە هونەری مۆسیقاو مەقاماتی کوردی ، بۆیە شیعرەکانیان‌وا سوارو مۆسیقادار بوون‌و ، بە ئاوازی خۆشی مەقامی کوردی لەو کۆڕو دانیشتنانەی (ئەختەر)دا لە لایەن مەقامبێژی بلیمەتی کورد (مەرپێن)ی (قەشەشابیل)ەوە ، بە دەنگە زوڵاڵەکەی گوتراون ·

جگە لە شیعری ئەو کەڵە شاعیرە هونەرمەندانە ، بـــە دەیان بەیت‌و گۆرانی‌ی بە نرخی فۆلکلۆری بە ئاوازی مەقامی رەسەنی کوردی‌یەوە بەسەر

---

(٢) هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو ، ل ٢٠٧ ·

(٣) گۆڤاری کۆلیجی ئەدەبیات ـ ووتارێکی دوکتور عیزەدین مستەفا رەسوول لەسەر شێخ رەزا ـ ژمارە (٢٣)ی‌ساڵی ١٩٧٩ ، ل ٣٦ ·

ارو زمانی (مەڕبێن)ی دەنگ خۆش‌و مەقامبێژە هاو چەرخەکانی‌یەوە بوون‌و لە دوایشدا کەوتوونەتە سەر زمانی شاگردە زیرەك‌و هـونەرمەندەکانی وەکوو (حەننا تۆما)ی ناودار بە (حەنیل)و ، [نەشئەتی رەشید ئاغا] و [حاجی‌یە گەورە] و ( شێخ نەجمەددینی شێخ کەریمی بەرزنجـی) و (حوسینی ۱۸۸۸–۱۹۳۳)ی شاعیری دڵتەڕی برای‌و (عەبەی چایەچی)و (ئەمینی سەمەن)و (پووتێ) هەردەم ئاهەنگی بەزم‌و شادی‌و کۆڕو کۆبوونەوە ئایینی‌یەکانی ئەو شارە زیندووەیان پێ گەرم‌و پڕجۆش‌و خرۆش کردووە .

## "مەڕبێن"ی مامۆستای بلیمەتی مەقامی کوردی

مەڕبێن لە دیانەکانی شاری کۆیە بووەو ، کوڕی (قەشە شابیل)ی مامی باوکی « یاقوبەی باسێ » ی مووڕێس بووە ، ئەم یاقوبەیە هێشتا لە ژیاندامارەو تێ ئەمەن بووەو ئێستا لە شاری کەرکوك دادەنیشێ (۱) .

وەك لە لە هەندێ لە برا دیانە بە تەمەنەکانی کۆیەم بیستووە ، مەڕبێن هاو تەمەنی ئەمین ئاغای ئەختەری شاعیری مـەقامزانی کوردی بووەو ، دەتوانین بڵێین لە دەورو بەری ساڵی ۱۸۳۵ ی زایینی لە کۆیە لە دایك بووەو هەر لەوێش لە دەورو بەری ۱۸۹۵ داکۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی هەرمۆتەی نزیك کۆیە بە خاك سپێردراوە (۲) .

ئەو بەیت‌و گۆرانی‌یە کوردی‌یە خـۆشانەی کـە تا ئەم دوایی‌یە بە سەر زارو زمانی گۆرانی بێژە هەڵکەوتووەکانی ئەو شارەی کۆیەوە بوون ، هەموویان هەر خـولقاوو زادەی دارشتن یا نـوێ کردنەوەو ڕێکخستنی

---

(۱) ئەم زانیاری‌یەم لە [ مام گۆرگیسی خواجـە یوسفی کـۆیی ۱۸۹۸] وەرگرتوە .

(۲) هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو .

سەردەمی ئەمین ئاغای ئەختەرو مەڕبێنی مەقامبێژی بلیمەت بوون • ئەو مەقامانەی (بوەشەو)و (سەحەر)و (بەهار)و (پایز)و (گوڵی)و (عایشە گوڵ)و ( شەنگ میرەم )و ( مەکەن مەنعی عاشقان )و ( جەهارە )و ( شلەو خانان )ی شایی رۆینەی کوردی ، کە لەلایەن گۆرانی بێژە هونەرمەندەکانی وەك : « نەشئەتی رەشید ئاغا »و « حەنیل »و « عەبەی چایەچی »و « پووتێ »و « سێوە »و « مەلائەسعەد » تا دوا دوای پەنجاکانی دەگوتران ، ئەگەر هەمووشیان لەو شارەی کۆیە دانە هاتبن ، بێ گومان هەندێکیان خوڵقاوی ئاووهەوا هونەرییەکەی بوونو ، بە تێکڕاش لە بواری کۆڕو دانیشتنەکانی ئەمین ئاغاو (مەڕبێن)ی هونەرمەند رێكو پێکتر کراون خراونەتە ناو قاڵبی مۆسیقاو ئاوازی رەسەنی کوردییەوە •

ئەگەر ئێمە سەرنجێك بدەینە ئەو مەقامانەی مەڕبێنی هونەرمەندو ، ئاوڕێکیش بدەینەوە لە سازو ئاوازی ئەو گۆرانیو بەیتانەی کە نزیکن لێیانەوەو ، ئێستا لە ناوچەی موکریاندا دەگوترێن ، بە ئاسانی جیاوازیی هەر دووکیانمان بو دەردەکەوێو ، لەو راستییەمان بۆ روون دەبێتەوە ، کە ئاوازو دەقی مەقامەکانی (مەڕبێن) لە سەرەتادا لەناو ئاوو هەوایێکی شارستانێتیی پڕ لە هاتو باتی بازرگانیو لەناو کۆڕو دانیشتنی شارەزایانی ئەدەبو هونەری کوردیی سەردەمی ئەختەرەوە سەریان هەڵداوەو ؛ ئاوازو دەقی مەقامەکانی ئەو دیویش زادەی ئاوو هەوایێکی ترن ، دەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵگای کشتوکاڵیو رەنگدانەوەی نەریتی ژیانی دەشتەکییانەیان پێوە دیارە • بۆیە دەتوانم بڵێم : شاری کۆیە لە کۆنەوە ئەگەر سەرچاوەیێکی هەرە سازگاری سازو ئاوازو گۆرانی کوردیش نەبووبێ ، ئەوا کاروانسەراو تۆناغێکی سەرەکی بووە لە سەرەڕێی کاروانی سازو ئاوازو گۆرانیی رەسەنی کوردی •

مەڕبێن دەنگێکی خۆشی سیحراوی بووە ، کە شەو رادەشکا و بای

شەماڵ شەوانی هاوینی گۆیەی کۆیەی نێنك دەکردەوە ، ئەو مــەقامبێژە بلیمەتە بە دەنگە دڵکێش‌و خۆشەکەی مەقامی (نیوەشەو) و (سەحەر)ی لـە دیوەخانی ئەختەری شەیدای هونەری کوردی دەگوت ، هەموو دانیشتوانی شاری کۆیە لە خەو راست دەبوونەوەو گوێیان لەو دەنگە خۆشەی مەڕبێنی هونەرمەند دەگرت [1] .

رەك لە هەندێ لە شارەزایانی مەقامی کوردی ئەو شارەی کۆیەم بیستووە [2] مەڕبێن برایەکی لە تالی لاویدا جوانە مەرگ دەبێ ، خەڵکی کۆیە بە دوکاندارەوە دەست لە کار هەڵدەگرن‌و دوکانەکانیان دادەخەن‌و لە دوای تەرمی ئـەو جوانە مەرگە تاکو گۆڕستانی گوندی هەرمۆتە دەڕۆن‌و (مەڕبێن)ی کۆسـت کەوتووش هەموو جل‌و بەرگی خۆی لە خوم هەڵ دەکێشێ‌و بەپێش تەرمەکەی دەکەوێ،کە دەنێژرێ ، روو دەکاتە خەڵکەکەو پێیان دەڵێ :ـ « خەڵکینە من ئەمڕۆ بۆ دوا جار لە ژیانمدا گۆرانی دەڵێم ، جا فورسەتە هەر گۆرانی‌یەکی ئارەزووی دەکەن ، داوام لێ بکەن بۆتان بڵێم ، چونکە لە ئەمڕۆ زیاتر گوێتان لە دەنگی من نابێ ، لە دوای جوانەمەرگ بوونی برای شیرینم دڵم ناپشکوێ تا جارێکی دیکە گۆرانی بڵێم ، جا تکایە لەمڕۆ بەدەر نە ئێوەو نە ئەمین ئاغای (ئەختەر) ئەو داوایەم لێ نەکەن . ئیتر لە دوای ئەو کارەساتە (مەڕبێن) لـە خوێندن کەوت‌و چیتر گۆرانی نەگوت‌و مەیدانی ئەو هونەرە جوانەی بـۆ (حەنیل)و (بووتێ)و (عەبەی‌چایەچی)و لە دواییشدا بۆ [ مێوە ]ی مەقامبێژی هونەرمەندمان چۆڵ کرد [1] .

---

(۱) رۆژنامەی (هاوکاری) ژمارە (۲۷)ی رۆژی ۱۹۷۰/۷/۱۱ ، ووتارێکی خوا لێ خۆش بوو محەمەد تۆفیق ووردی لە سەر (مەڕبێن) .

(۲) لەو شارەزاو ئاگادارانە :ـ

(أ) مەقامبێژی خوا لێ‌خۆش‌بوو ، وەستا (محەمەد ئەمینی کوڕی‌و ەستا

# سیوەی مەقامبێژی هونەرمەند

سێوە مەقامبێژێکی هونەرمەندی کورد بوو ، خاوەنی ڕێبازێکی هونەریی تایبەتی بوو لە مەقام گوتندا ، دەنگێکی خۆشی تەبەی گونجاوو لەباری هەبوو بۆ گوتنی ئەو جۆرە گۆرانییانە ۰ هەستێکی مۆسیقایی ناسکی هەبوو ، بە هەوڵدانێکی کەم توانی خۆی بکا بە ئاشنای هەموو جۆرە مۆسیقایەکی ڕۆژهەڵاتی ، لە کاتی گۆرانی گوتندا ، بە چاکی لەگەڵ مۆسیقادا دەڕۆیشت‌و دەیزانی لە کوێوە دەست پێ بکاو لە کوێوەش بوەستێ ، دەقی ئەدەبی‌و ئاوازی مەقامەکانی لە سەرچاوەیێکی پاک‌و سازگاری کوردەوارییەوە هەڵقوڵاون‌و بە زۆری لە گیرو گرفتەکانی لاوان‌و ئەڤین‌و ڕاستگۆیی‌و وەفاداری‌و سروشتی خاکی کوردستانەوە دەدوێن‌و ڕەگێکی قووڵ‌و قایمیان هەیەو بە ناو ویژدان‌و دەروونی میللەتدا چۆتە خوارەوەو لە زۆر شوێندا لە بازنەی تەسکی کات‌و ڕۆژگار دەچنە دەرەوە ، بۆ ئەوەی بۆ هەموو دەورو سەردەمێکی مرۆڤی کورد دەست بدەن ، بۆیە بە گۆرانی‌و مەقامی ڕەسەنی کوردی دەدرێنە قەڵەم ۰

هەر چەندە ئەو مـــەقامانەش ، بە دەقی ئەدەبی‌و ئاوازەکانیانەوە ،

---

صالحی کەبابچی کۆیی) کە لە ساڵی ۱۹۰۷ لە کۆیە لەدایکبووە لە ۱۹۷۳ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە ۰

(ب) کاک ( حەننا سلێمان )ی دانیشتووی گوندی هەرمۆتە کە لە ساڵی ۱۹۰۸ لە دایک بووەو ئێستا لە ژیاندا ماوەو ئاگاداری ئەم جۆرە هەواڵانەیە ۰

(۱) ڕۆژنامەی ( هاوکاری )ی ژمارە (۲۷) ی ڕۆژی ۱۱/۷/۱۹۷۰ ووتارێکی خوا لێ خۆشبوو (محەمەد توفیق ووردی ) بە ناونیشانی ( مەڕبێن دەنگ خۆش» ۰

رەنگو شادەماریان دەچێتەوە سەر مەقامەکانی سـەدەی نۆزدەهەم‌و بۆ سەردەمی ئەمین ئاغای (ئەختەر)ی شاعیری هونەرمەندو (مەرپێن)ی مامۆستای مەقامی کوردی ، بەلاّم ئەو راستی‌یە ئەوە ناگـەیێنێ کە ئاوازی مەقام‌و گۆرانی‌یەکانی (سێوە) کتو مت هەر هەمان مەقامی ئەو سەردەمەی پێشوو بووبن‌و هیچ گۆڕانکارییەکیان بە سەردا نەهاتبێ !.

چونکە هەر وەکوو ئاشکرایە ئەدەب‌و هونەرو رۆشنبیریی ئاوێنەی بالاّنمای ژیانی ئابووری‌و کۆمەلاّیەتی گەلانن‌و بە پێی قۆناغ‌و گۆڕانی باری ژیان ئەوانیش دەگۆڕێن‌و پێش دەکەون‌و گەشە دەکەن.لە سەرێکی دیکەشەوە (سێوە) خۆی مەقامبێژێکی هونەرمەندی بە دەستەلاّت بوو ، بە بیرو رای گەلێ لە گۆرانی بێژە شارەزاکانمان ، توانای داهێنـانی ئاوازی نوێ‌و تازەکردنەوەی ئاوازی فۆلکلۆری کۆنی هەبووە ، بە زیاد کردنی شتی تازەو لابردنی نەغمەی سوواوو نەگونجاو لەگەلّ بابەتی مەقامەکەدا[1] .

بۆیە لەکاتی گۆرانی گوتندا هەمیشە زالّ‌بوو بەسەر ئاوازی مەقامەکانی‌دا بە توانستی هونەریی خۆی ، دەسکاری تێدا دەکردن بەبێ ئەوەی لە سنووری گشتی‌و لە بنچینە سەرەکی‌یەکانی ئەو مەقامانەش بچێتە دەرەوە[2] .

سێوە لە سەرەتادا هونەری مەقامی کوردی لە ( ئەشئەتی رەشـید ئاغای حەوێزی ) بەوە فێربووە و ، لە دوایدا بۆ ماوەی سالێك چۆتە لای (حەننا تۆما)ی ناسراو بە (حەنیل)ی شاگردی (مەرپێن)ی ئوستادی مەقامی کوردی لە مەلّبەندی کۆیە لە سەوەی نۆزدەهەمدا . لە ماوەی ئەو سالّەدا هەموو دەستوورو بنچینەکانی مەقامی کوردی بە دەقی ئەدەبی‌و ئاوازەکانی ـ

(١) یادداشتە هونەری‌یەکانی ئەندریۆس خەمۆ (باکووری) کۆیە ١٩٢٨ (دەستنووس) ، ل ٥٠ .

(٢) هەر ئەو سەرچاوەیەی پێشوو ، ل٥١ .

یەوە بە نووسینەوەو لەبەرکردنەوە فێربووەو(١) ، بووە بە مەقامبێژێکی هونەرمەندی لێ هاتووی کوردو ، بە زۆری لەگەڵ گـۆرانی بێژەکانی ئـەو سەردەمەی کۆیەی وەك (عەبەی چایەچی)و (پووتێ)و (میناس مـەربێن)و (مەربێنی قەشە گۆرگیس ١٨٩٢ــ١٩٧٩)و (مەلا ئەسـعەد ١٨٩٠ــ١٩٥٨)و (ئەحمەدی حمە مـەلا ١٩١٣ــ١٩٦٩)ی هونەرمـەند ، مەقامی خـۆش‌و دڵکێش‌و هەندێ جاریش بە دوو قۆڵی لەگەڵ (میخەی یوسفی هەرمۆتەیی)دا (بەیتی مەم‌و زین) و (ناسرو ماڵ ماڵ) یان بە (شێوە موکـریانی‌یەکەیان) دەگوت • ئاوای لێ هات لەو شارەدا بوو بە میرات گری لێ هاتووی (حەنیل)و (ئەشئەتی رەشید ئاغا)و (مەربێن) لە هونەری مەقامی کوردی‌داو ، هیچ کۆڕو ئاهەنگێکی ئەوشارە بەبێ دەنگی (سێوە)و مەقامە خۆشەکانی سێوە ، شەوق‌و شادی تێدا نە دەگەڕاو ، هەستی هونەریی هونەر پەروەرانی پێ‌مەسـت‌و مەدهوش نەدەبوورو ، هیچ شایی‌و ئاهەنگی نەورۆزو سەیرانی بەهارانیش بە بێ ئاوازی گۆرانی (جەبارەوە جەبارە) و (شلەو خانان)ی خاڵە سێوەی هونەرـ مەندمان ، هەوای عیشق‌و دڵداری نە دەخستە کەللەی سەر چۆپی کێشی سەر گەرمی ئەڤینی یارە نازدارەکەی‌و مەستی خۆشی‌ی بەهەشتی گولزاری بەهاری نیشتمانە خۆشەویستەکەی •

بەم جۆرە (سێوە) لەو شارە خنجیلانەی کـورددا ، لە دەرگەیێـکی تراوانەوە چووە ناو مەیدانی هونەری ئاوازو گـۆرانی کـوردی‌یەوەو ، وەستایانەو لەسەرەخۆ چووە پێشەوە ، تا هونەرمەندیی خۆی‌و ڕەسەنایەتی ئاوازو مەقامەکانی بە هەموو خەڵکی ئەو شارەو سەرتاپای کوردسـتان ناساندووە •

---

(١) ئەم زانیاری‌یەم لە کاك شمعوونی خواجە یوسفی کۆیی وەرگرتوە ، کە لە ساڵی ١٩٠٤ لە کۆیە لە دایك بووەو ، لە ژیاندا ماوە •

# چاوپێداخشاندنێکی خێرا بە تۆماری ژیانی
## سێوەی هونەرمەند

سێوەی مەقامبێژی هونەرمەندی کوردمان ، ناوی تەواوی (صلیوە)ی[1] کوڕی خواجە (یەلدە)ی کوڕی (صلیوە)یە ، لە ساڵی ١٨٩١ دا لەشارەکەی کۆیە هاتۆتە دنیاوەو چاوی ژیانی بە جوانیی باخ و سەیرانگاکانی هەرمۆتەو ئاشان و ئۆمەرخوچان کراوەتەوەو گوێی بە ئاوازی سوێسکەو کەوی تەد پاڵی چیای باواجی و هەیبە سوڵتان و چریکەی بولبولانی شیوە رەزانی گۆش بووە ·



سێوەی هونەرمەند لە ساڵی ١٩٦٢ دا

سێوە لە ساڵی ١٩٠٢دا بۆ یەکەم جار لەلای (تەشە حەننا) خراوەتە بەر

---

(١) ناوی(صلیو)ە لە ناو دیانەکانی کۆیەو هەرمۆتە بۆ خۆشەویستی و کورت کردنەوە دەکرێ بە (سێوە)·

خوێندن‌و لە ساڵەکانی (١٩٠٣ ـ ١٩٠٤) یشدا دەرسی زمانی کلدانی‌و بنچینەکانی ئایینی خریستیان (مەسیحی)ی لەلای (قەشە گۆرگیسی رەبەن) خوێندووەو لە ساڵی ١٩٠٥ دا بە ماوەی دوو ساڵ لای ( قەشە پۆڵسی عوجمایا)ی‌ناودار بە(قەشە سوورە) خوێندنەکەی تەواوکردوە ، لە بەر زیرەکی‌و زەین روونی بە ماوەی پێنج ساڵ بە چاکی زمانی کلدانی‌و سەرەتایێك لە زمانی فەرەنسی فێر دەبێ‌و لە خوێندنەکەیدا دەگاتە پلەی « شەماشە »و ، لە لاوەش بە یارمەتی هەندێ لە دۆستە خوێندەوارەکانی بە باشی فێری خوێندنەوەو نووسینی کوردی‌و عارەبی‌و فارسی دەبێ‌و ئاگادارێکی باش لە شیعری کوردی‌و عارەبی‌و فارسی پەیدا دەکات ، بۆیە بە دەیان چامەو هۆنراوەی کوردی‌و فارسی لەبەربوون‌و بە مەقام‌و بەستە دەی‌گوتن ، وەك شیعرەکانی ( قاصد )و ( ئەختەر)و (حاجی قادری کۆیی)و ( وەفایی )و ( عەبدوللا بەگی مصباح الدیوان ) و [ صافي ]و ( دلدار ) .

لە ساڵی ١٩٠٣ دا خواجە (یەلدە) ی باوکی بە نەخۆشی‌ی پشانەوە ( کۆلێرا ) کۆچی دوایی دەکات‌و ، سێوەی دەستە کورپش بۆ گوزەران‌و بەڕێوەچوون دەبێتە شاگردی (خواجە یوسف)ی مووپێس‌و جۆلای دۆستی نزیك‌و دڵسۆزی باوکی‌و ، لە ماڵەوە لە گەڵیاندا دەژی ، کە دەگاتە تەمەنی هەرزەکاریی ، دەکەوێتە داوی دڵداریی کچە جوان‌و نەشمیلانەکەی وەستاکەی کە ناوی (واری)[1] بووە ، ئەو ئەڤینداری‌یەشی لەگەڵ (واری)ی ناسك‌و نازداردا ، بووە بە مایەی تەڤینەوەی بەهرەی هونەری مەقامبێژی یەکەی ، بە تایبەتی کە هەستی کردووە (واری)ی دڵڕفێنیشی ئەو حەزو دڵداری‌یەی لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ دەکات بۆیە بەشەوو بە رۆژ گۆرانی دڵداری لە دەمدا نەبڕاوەو سەرتاپای ئاوازی گۆرانی‌یەکانی هەر سۆزو عیشقە ئەمرەکەی

---

(١) واریّ کورت کراوەی ناوی (وارینە)یە .

بووه بۆ یاره خۆشەویستەکەی[1] ، کەچی لە ئەنجامیشدا . کە وەستاکەی هەستی بەوە کردووە ، کچەکەی پێ نەداوەو ، ئەی هێنتووە بۆ یەکتری بن و داویە بە ( صلێوەی قەشە ئەلیاس)ی خزمی خۆی و دوای کەمتر لە ساڵێك (وارێ)ی ئاشقی دڵ سووتاو بەدەردی وەرەم (سیل) سەردەنێتەوەو . سێوەی بەد بەختیش دوای چەندساڵێك کچێکی خزمی خۆی بەنا بە دڵی پێدراوە[2] .

سێوە لە کاتی گەنجێتیدا ، بۆ گوزەران و ماڵ بەرێوەبردن پشتی بە پیشەی موو ڕێسی و جۆلایی بەستووەو ، لە دواییدا لە کلێسا بچووکەکەی کۆیەدا بووە بە (شەماشە)و ، بە زۆری بەرێوەبردنی ئەو کلێسایە هەر لە ئەستۆی ئەو بووەو[3] ، لە هەمان کاتیشدا دەبوو بە نووسەرو میرزاو حیسابگری بازرگان و خاوەن زەوی و زارو توتن چینەکانی کۆیە[4] .

سێوە پیاوێکی کەڵەگەتی مەیلەو قەڵەوی چاو گەورەی لووت خڕو ، زۆر دڵتەڕو زەوقانی و نوکتەزان و قسەخۆش و وەرام لەدەست بوو . زۆر حەزی لە کۆڕو دانیشتنەکانی خواردنەوە دەکردو بە زۆری دۆست و برادەرو هاو ـ نشینەکانی ژیانی لە دەستەی گەنج و جاحێڵەکانی شارەکەی بوو ، ئەی ـ دەویست پێی بگوترێ : پیر بوویی ، بۆیە هەستان و دانیشتنی لەگەڵ نەوەی نوێ و ئەهلی زەوق دابووەر ، ئەوەندەی هاومەشرەبی دۆستە لاوەکانی وەك (تایەر تۆفیق باکووری و ئارتینی بەرگدروو و حەوێز عەبدولوەهاب و سابیر عەبدوڵلا جەراح و محەمەد عەلی مستەفا و عەبدولواحید سەعید) بوە ، ئەوەندە هاونشینی دۆستە هاوتەمەنەکانی خۆی نەبووە . هەردەم سەرچۆپی

---

(١) گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٧٨ ، ل٦١ ، باسێك لە سەر سێوە .

(٢) ئەم زانیاریەم لە کاك (حەننا سلێمان ١٩٠٨)ی هەرمۆتەیی وەرگرتووە

(٣) یادداشتە هونەریەکانی (باکووری) ، ل٥٤ ، (دەستنووس) .

(٤) گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٧٨ ، ل ٦١ .



سێوە لە ساڵی ١٩٦٢ دا لەگەڵ دەستەیێک لەدۆستەلاوەکانیدا

کێشی شایی ڕۆینەی کوردیو مەقامبێژی شاییو ئاهەنگەکانی نەورۆزو سەیرانەکانی شارەکەی بووە ، هەر ئاهەنگێکی سێوە بەشداریی تێدا نەکردبێ وەك بەهارێکی بێ‌گوڵ بووەو ، تامو خۆشی لێ وەرنەگیراوە . بەم جۆرە سێوەی هونەرمەند تا دوا هەناسەی لە ژیانی‌دا هەر لە خزمەتی هونەری مەقامو گۆرانی کوردی‌دا بووە ، تا لە ڕۆژێکی ساردی مانگی کانوونی دووەمی ١٩٦٤ داو لە تەمەنی ٧٣ ساڵی‌دا ، لە کۆیە ماڵ ئاوایی لە هونەری کوردیو لە دۆستو یارانی کردو ، هەر ئەو ڕۆژە تەرمەکەی بە شانو بازووی دۆستو هونەر پەروەرانی ئەو شارە براوە بۆ گۆڕستانی «هەرمۆتە»و لەوێ بە خاکی نیشتمانەکەی سپێردراوەو مەیدانی هونەری ئاوازو گۆرانی ڕەسەنی کوردی بۆ هونەرمەندە لاوەکان چۆڵ کردووەو کوڕو کچێکی لە پاش بەجێماوە (بۆلص)ی کوڕی کە ئێستا لە بەغدا دادەنیشێو (ئەنیسە) ی‌کچی کە لە

گوندی (هەرمۆتە)دا دەژی‌و هەردووکیان لە ژیاندا ماون‌و کەوتوونەتە ناو ساڵانەوە .

## سێوەی هونەرمەند لە کاروانی گۆرانی ی کوردیدا !

سێوە لە سەردەمی گەنجێتی‌دا ، هونەرەکەی لە چوار چێوەی دیوەخان‌و کۆڕو دانیشتنی دۆست‌و یارانی نە دەچووە دەرەوە ، تاکو چلەکان ، لەگەڵ هەڵچوونی هەستی نیشتمان پەروەریی میللەت ، ئینجا هونەرەکەی کەوتە سەرشانۆی ئاهەنگەکانی نەورۆزی کوردو دەنگی دایەوەو سەرلەنوو گۆرانی (جەهارە)و (شلەو خانان)ی شایی رۆینەی زیندوو کردەوەو ، گۆرانی [ لەبەر نازی چاوبازان ]ی وەفایی کرد بە مەقامی تایبەت بە بووك گواستنەوەو [مەقامی بەقامەت خەرامان]ی صافی هیرانی‌و [ زولف‌و ئەگریجەی یار ]ی یونس دڵداری شاعیری نیشتمان پەروەری کرد بە گۆرانی بە ڕەواجی ناو کۆمەڵی هونەر پەروەرانی ئەو شارەی کۆیە .

سێوە لە ساڵی ١٩٥٢ دا[١] پێنج مەقامی لە مەقامە رەسەنەکانی خۆی لە ئێستگەی رادیۆی عیراق ـ بەشی کوردی دا تۆمار کردوە کە ئەمانەن :ـ [ عەجەم : سەحەر] و [حیجاز : گورگێ] و (بەیات : عایشە گوڵ ) و (حیجاز : بەهار ) لەگەڵ مەقامی (شەنگ مێرەم) دا ، لەمانە مەقامی پێنجەمیان نەبێ ، دەنا ئەوانی دیکە ناو بەناو لە ئیستگەی رادیۆی کوردی‌یەوە پێشکەش دەکرێن[٢] .

لەسەرەتای ساڵی ١٩٥٨دا ، کە ( کۆمەڵی بووژاندنەوەی هونەرە جوانە

---

(١) بنوارە گۆڤاری (أهل النفط)ی ژمارە (١٥) ساڵی [٢] تشرین.یەکەمی ١٩٥٢ .

(٢) - گۆڤاری (بەیان)ی ژمارە (٤٧)ی ساڵی ١٩٧٨ ، ل ٦١ .



**سێوه لەناو ستۆدیوی ئیستگەی عیراق ـ بەشی کوردی لە مانگی نیسان ١٩٥٢دا لە کاتی تۆمار کردنی مەقامەکانی بە یارمەتی ئاوازی مۆسیقاژەنەکانی ئەوسای ئیستگە**

**أحمد الخلیل بە عود ، ئایفن بهنام بەنای ، قادر دیلان**

**بە کلارنێت ، ابراهیم محمد بە جومبوش‌و**

**ناظم نعیم بە کەمان‌و عبدالاحد جرجیس بەقانون**

کان) لە کۆیە دامەزرا (سێوه) بە ئەندامی فەخریی ئەو کۆمەڵەیە وەرگیراو ، جموجووڵی هونەریی خۆی بە پێشکەش کردنی مەقامی رەسەنی کوردی لە شارەکانی (کۆیەو سلێمانی و رانیەو هەولێر)دا نواندو لە هەمولایەکدا دەنگی دایەوە ٠

لە هاوینەکانی ١٩٥٨ و ١٩٥٩ دا ، (سیوە) و (باکـووری) بە ناوی کۆمەڵەی بووژاندنەوەی هونەرە جوانەکانی کۆیەوە ، لە لایەن [ کۆمـەڵی هونەرەجوانەکان ]ی‌سلێمانی و ( تیپی مۆسیقای مەولەوی) بانگ کراون بۆ بەشداریی کردن لە ئاهەنگەکانی ئەو کۆمەڵەو تیپە مۆسـیقی‌یە ، (سیوە)ی هونەرمەند بە یارمەتی مۆسیقای هونەرمـەندان ( قادر دیلان) و [ ولیەم یوحەننا]و ( نەجاتی عەبدە)و ( باکووری) مەقامە خۆشەکانی خۆی بە هەموو هونەر پەروەرێکی ئەو شارەی سلێمانی ناساندووەو ، هەموو جارێ خەڵکێکی زۆر لە پیاوە بەتەمەنەکانی ئەو شارە هاتوون بۆ گوێ گرتن لە مەقامەکانی‌و گوتوویانە خاوەنی ئەم دەنگە خۆشە میرات گری « ئەحمەی ناسرو سەید عەلی ئەسغەرو مەلاکەریم»ە .

کاتێ کە شەویش درەنگ داهاتووە ، خەڵکەکە لە باغچـەی یانەی فەرمانبەرانی ئەو شارەدا ، بە ئاوازی مەقامەکانی ( سـیوە )و قەتارو ئەڵلاوەیسی ( رەشۆل عەبدوڵلا ) رۆژیا ن‌کردۆتەوە (١) .

لە ساڵی ١٩٦٠ یشدا ، دوای هەفتەیەك ئاهەنگ گێڕان لە سـلێمانی لەگەڵ باکوری‌و قادر دیلان‌و ئەندامانی کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە پاسێکی گەورەدا ، بەرەوشاری هەولێر هاتوون‌و ، لە رێگادا هـەر لە سلێمانی‌یەوە تاکو دەگەنە هەولێر (سیوە) بۆ پرۆفەکردنی ئاهەنگی شـاری هەولێر ، لەسەر ئاوازی کەمانجەی (قادر دیلان)ی هونەرمەند ، مەقامی هەمە جۆری کوردی گوتووەو ، لە هەولێریش بۆ ماوەی دوو شەو لـە هۆڵی گەلدا بە سـەرکەوتوویی ئاهەنگی مۆسیقای سلێمانی‌و مەقامەکانی (سیوە)ی هونەرمەندی کورد ، لەو شارە مێژوویی‌یەدا پێشکەش کراون .

(١) یادداشتە هونەری‌یەکانی (باکووری) ، ل٥٥ ، دەست‌نووس .

# چالاکی یە هونەری یەکانی سێوە لە کلێسای کۆیەدا

شەماشە سێوەی هونەرمەند لە کلێسا بچووکەکەی کۆیەدا ، شوێنێکی تایبەتی دیاری هەبوو لە هەڵسووڕاندنی کارو باری ئایینی‌ی دیانەکانی ئەوشارە · لەکاتی نوێژکردن‌و قودداسەکان‌دا ، هەر دەنگ‌و ئاوازەکانی ئەو بوون لە گوێ‌ی نوێژکەراند دەزرنگانەوە · خەڵکەکە تام‌و چێژێکی زۆریان لە ئەوشیح‌و مەزموورو گۆرانی‌یە ئایینی‌یەکانی وەردەگرت ، کە هەموو ئێوارە- یەکی یەك شەموان‌و لە جەژن‌و موناسەبەتە ئایینی‌یەکانیاندا بە دەنگە پڕجۆش‌و خرۆشەکەیەوە دەی‌گوتن‌و دنیای دەهێنایە جووڵەو هەژان‌و ، خەڵکەکەی دەبردە دنیایێکی دیکەو دەی فڕاندن بۆ ئاسمانێکی پڕ لە ڕۆشنایی‌و گیانی پاکی پێغەمبەرو پیاوچاکان · هەندێ لەو برا دیانانەی کە لەو کلێسایەی کۆیە لەگەڵ سێوەدا نوێژیان کردووە ، دەگێڕنەوەو دەڵێن (١) :-

یەکێك لە هەرە بە ناو بانگترین گۆرانی‌یە ئایینی‌یەکانی کە لە موناسە- بەتی تایبەتی دەیگوتن ، گۆرانی‌یەك بوو بە ناونیشانی [ نقوم شەبیر ]بوو ، کە ماناکەی بە کوردی ئەمە دەگەیێنێ :- [ با هەستین تەسبیحات بۆ خودا بکەین] و لە سەر ئاوازی مەقامی حیجاز و لەسەر شێوەی مەقامی [ بەهار ]ی دەگوت ، بەجۆرێکی‌وا کە شارەزا ترین کەس لە هونەری مەقامات نە توانێ وەکوو ئەوی بڵێ‌و ، نە دەزانرا چۆن دەستی پێ‌دەکردو ، چۆنیش کۆتایی بەو ئاوازە خەمناکە دەهێنا !! بەو دەنگە پڕ سۆزەی نوێژ کەرەکانی ناو کلێسای بە جارێ دەهێنایە جۆشی گریان‌و فرمێسکی لە چاواندا نە دەهێشتن ·

---

(١) یەك لە وانە : دۆستی خۆشەویستم ئەندریۆس باکووری ئەم هەواڵانەی بە وردی بۆ گێڕامەوەو هەر بەم جۆرەش لەناو یادداشتە هونەری‌یەکانیدا تۆمار کردووە ·

ئەو گۆرانییەی [ نقوم شەبێز ] تایبەت بوو بە ڕۆژی [هەینی ئەشکەنجەو ئازار ] کە بیرەوەریی ڕۆژی لە سێدارەدانی حەزرەتی عیسایەو دەکەوێتە دوو ڕۆژ پێش جەژنی هەستانەوەی حەزرەتی مەسیح کە هەموو ساڵێ لە ڕۆژێکی یەك شەممەدا ، لە مانگی نیسان بە پێی حیسابێکی تایبەتی کڵێسا ئەو جەژنە دەکرێ .

بەم جۆرە سێوە لەناو کڵێساو لەکاتی جێبەجێ کردنی نەریتی ئایینی خۆشیاندا هەر ئاوازی کوردی بەکارهێناوەو تەوشیحی ئایینیو مەزموورەکانی (حەزرەتی داود) یەهەر بەو ئاوازانە دەگوت کە لە کۆڕو ئەنجومەنی تایبەتیو لە ئاهەنگی شاییو خۆشیدا گۆرانییەکانی (عایشەگوڵ)و (سەحەر)و [نیوەشەو]و (بەهار)و [پاییز]و (شەنگ میرەم)ی پێ دەگوتن .

ئەوەی ڕاستیش بێ ، برا دیانەکانی کۆیەو گوندی هەرمۆتە ، لە چەند گۆرانیو تەوشیحێکی ئایینی بەولاوە کە بەشێکن لە نەریتی دووعاو نوێژیان ، بەزمانی سریانی دەگوترێن دەنا لە هەموو موناسەبەتێکی خۆشیو ناخۆشی ئەو کۆمەڵە ، چ لە ئاهەنگی خەنە بەندانو بووك گواستنەوەو بەزمی شەوارەو ، چ لە بەندو سەردوولکەی تازیەی مردوواندا ، هەر گۆرانی کوردییان گوتووەو لە لایان نەبۆتە شتێکی باو بە زمانە ئایینییەکەی خۆیان گۆرانی بڵێن (١) .

---

(١) ئەم زانیاریو ڕاستییەم لەساڵی ١٩٧٧ و لە سەرەتای مانگی شوباتی ١٩٧٩دا لەم برادیانانەی کۆیەم وەرگرتووە :-

(أ) مەریێنی قەشە گۆرگیس کۆیە ١٨٩٢ - ئابی ١٩٧٩ .

(ب) سەلان پەلدە (سەلانەسوور) کۆیە = (١٨٩٥ - ١٩٧٧) .

(ج) گۆرگیسی خواجە یوسف کۆیە ١٨٩٨ .

(د) حەننا عەبدولکەریم (حەنەکە) کۆیە ١٩٠٠ .

←

لە بواری ئەم لێدوانەشماندا دەبێ ئەوە بڵێین :ـ کە لەو کاتەی گۆرانی ـ بێژە دیانەکانی ئەو مەڵبەندە بۆجێ بەجێ کــردنی نەریتی دووعاو نوێژی کڵێسایان سوودیان لە ئاوازی کوردی وەرگرتوە لەهەمان کاتیشدا نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە مەقامی کوردی لەناو ئاوازی مۆسیقاو ئیقاعی ( ناقووس و تاس مەعرف ) و دەنگی گەرەنای قودداسەکانی ناو دێرو کڵێساکاندا لووس و لێکترو پاکو پوختر بوونەو ، باشتر زاخاو دراونەو ، بەڵگەی ئەم بۆ چوونەشم ، ئەو ئاوازە تایبەتی یانەی (سێوە)ی هونەرمەندمانن کە لەسەردەمی ئـەو ، لەو بەدەر هیچ هونەرمەندێکی دیکەی کورد پێ ی نەگوتراون وەکو ئەو گوتوونی و لێ ی سەرنەکەوتوون وەك ئەو لێ ی سەرکەوتووە ·

## گەشتێك بەناو دەقی ئەدەبی ی مەقام و گۆرانی یەکانی سێوەی هونەرمەندا

سێوەی گۆرانی بێژی هونەرمەند لە ماوەی ژیانی ی هونەری دا بە دەیان مەقام و گۆرانی ی کوردی بە شێوە تایبەتی یەکەی خۆی گوتووەو ، ئەوەی من تۆمارم کردبێ (١٤) مەقام و گۆرانی کوردین ، هەندێلیانی لە گەنجینــەی ئەدەبی فۆلکلۆریی کوردی وەرگرتووەو هەندێکیشیانی شیعری شــاعیرە کلاسیکی یە ناودارەکانی کوردن · بەکامی دڵ بەناو باخ و گوڵزاری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کەوتووەو چۆتە ناو لالەزاری شیعری پتەوی کلاسیکیمان و کام گوڵ و لالەی جوان و ناودار بووبێ چنیویەتی و کردوونی بە چەپکێ گاواز و گۆرانی ی رەسەنی نەتەوەکەی و وەك دیاری یەکی بەهادارو هێژا پێشکەش بە

---

(هـ) شمعوونی خواجە یووسف (شموون) کۆیە ١٩٠٤ ·

(و) حەننا سلێمان (حەنۆی سێمانی) هەرمۆتە ١٩٠٨ ·

(ز) شەعبەی مەربێنی قەشە کۆیە : ١٩١٤ ·

ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردی کردووە ·

بائێمەش لێرەودوا ئەو گوڵە جوانو بۆنخۆشانەی یەك یەك وەربگرینو
بەکامی دڵ تێربۆنو تێر جوانی ببین ·

**(١) مەقامی گوڕێ (گوڵێ)** :ـ مەقامێکی حیجازی کوردی‌یە ، لەسەر زمانی لاوێکی ئاشقی (گوڕێ) ناوێك یا کچێکی جوانی وەکوو گوڵ گوتراوە · مەقامێکی جوار بەندی‌یەو دەنگدانەوەی ژیانێکی شارستانی‌ی سەدەکانی پێشووی کوردستانەو ئەمەش دەقە ئەدەبی‌یەکەیەتی :ـ



**سێوە لە شاری سلێمانی لە سەر ئاوازی مۆسیقای**
**(ولیەم یۆحەننا) بە کەمانجە و (حازم حەدداد) بە قانون**
**مەقامەکانی پێشکەش دەکات**

# گورسێ

ئەرێ گورێ گورە جوانێ
سینگ سپی مەمك فنجانێ
داك حدوودێ باب شاسەیوانێ
خـواکەی گورێ
ئەگەر جەللادان لە من دەگرن چار گۆشەی مەیدانێ
چەرخەچی(١) شامیسریان(٢) دەردێنن لە کالانێ
تو عەشقی خودای بەوی رۆژی جومعەیە
شەمووی بە سەر دادێ
ئەوان گرتیان بەردەوە لە بەندیخانێ ٠
گوری لە باغانم نەمایی
خۆشی لە ساران دەست لە من بەردای

◆◆

ئەرێ گوری ئەمان گور لە خەوێ هەردەستی
شەنگ و شۆڕێ ، بە ژن برندێ پشتی دەبەستی !
ئەرێ برادەرینە ئەگەر هەنیێ(٣) گورە جوانێ
لە بۆ من بمینێ بەوێ مانگی لە چاردەی
کە وەتانی لە مابەینی هەورو ساماری

---

(١) چەرخەچی : دەوریە ، زەلامێکە کە بۆ پاراستنی ئاسایش بسوورێتەوە [ فەرهەنگی خاڵ] ج٢ ، ل٣٥ ٠

(٢) شامیسری : جۆرە شمشێرێکی جەوهەرداربووە ، لەمیسر دروست کراوە ٠

(٣) هەنی : نێوچەوان [بڕوانە فەرهەنگی مەهاباد ، ل٦٩٥ ] ٠

جۆخین دەبەستی ٠
داد گوڕێ لە باغانم نەمایی
خۆشی لە ساران دەست لە من بەردای ٠

★ ★

ئەری گوڕێ گورە ڕەندی(١)
مل بە عەباسی(٢)، سەر بەسێ شایی(٣) کەونینە
تۆڵ بەبازیبەندی(٤)
ئەرێ برادەرینە هەر کەسانەکی
قسەکی لە مابەینی منو گورە جوانی بکاتن
بارەبی حاری بە حاری کوڕی پاشای یەمەنێبی(٥)
کە وەتانی بە قسەی (بەکرەی میرگەوەری)
کەوتیتەوە حەپسو لە گەڵ هەرامە بەندی
داد گوری لە باغانم نەمایی
خۆشی لە ساران دەست لە من بەردای ٠

★ ★

ئەرێ گورێ ئامان گور ئەسمەرێ

---

١ ڕەند : ڕوو خۆش ، قسە خۆش
٢ عەباسی : جۆرە دراوێکی ئێرانی سەردەمی شاعەباسی صەفەوی بووە٠
٣ سێشایی : جۆرە دراوێکی دیکەی ئێران بووە ٠
٤ بازیبەند : دووعاو نوشتەیەکە لە قۆڵو بازوو دەبەسترێ ٠
٥ یەمەن : لێرەدا مەبەستی لەیەمەن شارێکی کوردستانی سەروو بووە ، کە لە ڕۆژ هەڵاتی خاکی بۆتان بووە و ئێستا ئەو شارە نەماوە ٠

کەزی زەرێ (١) ، چاو سەقەرێ
تو خواکەی سەرت بێنە دەرێ
لە تاقان لە پەنجەران لە شانشینان لە چار کناران
بە کەرتت کردن جگەرێ ·
ئەرێ برادەرینە
ئەمن هەرچەندی حەکیمو لوقمانم هاتبوونە سەرێ
هەموو حەکیمو لوقمانان دەرێن ·
بریندارێ گورێیەو پێی نابەین زەفەرێ !!
داد گورێ لە باغانم ناماێ
خۆشی لە ساران دەست لە من بەردای !

(٢) **عایشە گوڵ :ـ ئەم گۆرانی‌یە لەسەر ئاوازی مەقامی بەیات دەگوترێ** لە سەر زمانی کچێکی ئاشقی لاوێکی دڵدار گوتراوە ، بە رای من ئەم مەقامە وەڵامدانەوەی مەقامی (گورێ) یە ، بە هەردوو دەقەکە داستانێکی ئەڤینو وەفاداریی کوردی پێك دێنن ·

لە بارەی ئەم مەقامەی (عایشە گوڵ) ەوە ، هەندێ هەواڵو حیکایەتی وا هەیە کە لە زۆر ناوچەی هەولێردا بڵاونو خۆم لە چەند کەسێکی هەوار جیاوازم بیستووەو دەڵێن (٢) :ـ « گوایە ئەو عایشە گوڵە بووکی پەردەی

chalakmuhamad@gmail.com

(١) کەزی زەر : کەزی زەرد ، لە سەر شێوەی بۆتانو بادینان ·

(٢) لەو کەسانە :

١ ـ رۆستەم حەوێزی‌ی شاعیر [کۆیە : ١٩١٣]کە ئەویش لەباوکی بیستووە ·

٢ ـ وەستا مەولوودی حوسێن رەمەزانی بۆریچی [گوندی میرغوزارە : ١٩٣٢] کە ئێستا لە هەولێر دادەنیشێو لە کاتی خۆی لە کوێخا عوسمانی داڵداغانی بیستووە ·

سەعید بەگی برازای میر سولەیمان بەگی میری سۆران بووە ، سەعید بەك بەر لەوەی بچێتە پەردەوە ، بە فەرمانێکی بە پەلەی میر سولەیمان ، لەگەڵ دەستە سوارێك بە وەفد دەنێردرێتە (ئەستەمبوڵ) بۆ دیدەنی سوڵتانی عوسمانلی ، تا دەگەڕێتەوە (عایشە گوڵ) تەون هەڵ دەخاو مافوورێکی چواردە گوڵی دەچنێ‌و لە چنینی هەر گوڵەیدا بەندێکی ئەو مەقامە هەڵ دەبەستێ ، جارلێرەدا دەقی ئەو مەقامەمان زادەی شاعیریەتی (عایشە گوڵ) خۆی بووبێ !! یان بەرهەمی شاعیرێکی دیکەی کورد بێ‌و بە زمانی ئەوی دانابێ ، تا گەیشتۆتە سەردەمی (حەنیل)و (ستیوە) تەنیا چوار بەندی لێماوەتەوە . بەو حیسابەی (بەند) بەو بەشە مەقامە دەڵێن ، هاو قوفڵبن واتا (هاو قافیە)و کێشیشیان لە کورتەوە بۆ درێژ دەڕوات‌و ئەمەش دەقی مەقامەکەیە :ـ

## عایشە گوڵ

ئای ئای ئای ئای
ئەگەر سەری من دەیشی
دری عایشۆی بابان وێرانی نا سەکنی
لە بەر هەرامە زوگرتی (١)
ئەگەر عایشە گور دەرێ
هەر کەسانەکی سوارە جووکەلانەکەی من تاناسی
ئەوەتانی قایمەو قایمەڵانی (٢) خۆی
داوێتەوە چۆم‌و چۆمارو سۆرەکرتی (٣)

---

(١) زوگرتی پیاوی بێ ژن‌و ماڵ .

(٢) قایمە : هێزو قووەت ، قایمەڵان : جێگەو شوێنی خۆ قایم کردن .

(٣) کرتی : جۆرە دەوەنیکە لەدار گەز بچووکترە لەرۆخ چەم و لەدێمەکاریش دەڕوێ .

ئەگەر عایشەگور دەرێ

هەرکەسانەکی سوارە چووکەلانەکەی من ناناسی
ئەوەتانی سواری جوانی‌یە ماینەکی
بۆری ئەسعەد بەگی‌ی کەوێتە
لە لایەکی دەپرۆن جووتەکی توولەو لەوی دیکەشی
جووتە تاژی مل بە قەرێتە !!

★ ★

گەلی برادەرینە ئەمن ئەستێرەکم لێ هەراتیە
لە لایێ رۆژهەراتی
قەت لەدری من ئاوا نابی
ئەگەر عایشەگور دەرێ :ــ
ئەمن هەرچەندی چاوی خۆم دەگێڕم
لە دوو سوارە چووکەلانەکەی من
بزربویتەوەو پەیدا نابی
گەلی برادەرینە ئەمن چاکوەیە
دوگمەی سینەو مەمکی خۆمی مار وێرانی بترازێنم
داخوا دەرێم بەلکی سوارە چووکەلانەکەی من
زیزبووەو قەت ئاشت نابی ؟!

★ ★

ئەرێ غەمگینی‌و غەم لەبەر عایشە گورێ
بابان وێرانو قەلەندەری
سراقەت کەسم نەمابوو

لەبۆ سوارە چوو کەلانەکەی من هەر بە هیچی
گەلی برادەرینە ، ئەگەر سەری من دەێشی
دری عایشێ بابان وێرانێ نا سەکنی
لەبەر میراتە هەرامە زوگرتی
ئەگەر عایشە گور دەرێ
هەر کەسانەکی سوارەکەی من نەدیتیەو ناناسی
ئەوەتانی قایمەو قالانی خۆی
داوێتە جۆمو چۆمەلادەو سۆرەکرتی
بەرێ صەد حەیفو موخابن
دەمکوژیتن لەوێ کۆنە دنیایێ هەر بەهیچی !
ئای ئای ئای ئای ٠

**(٣) مەقامی سەحەر :ـ**

گۆرانی‌یەکە لەسەر ئاوازی مەقامی عەجەم دەگوترێ ٠ مەقامێکی شارستانی‌یەو لە ژیانو هاتوباتی ناو شارو بازرگانیتی سەردەمێکی زوو دەکات ٠ دانەری دەقی مەقامەکە تا رادەیەك رۆشنبیربووەو ، ئاگاداری کەلەپووری ئیسلامەتیو نەتەوایەتی کورد بووە ٠ تابلۆی شیعری جوانو وێنەی هونەریی ناسکی تێدا کێشراوە ، با بزانین چی تێدا هاتووە :

**سەحەر**

ئەوەل سەحەرە
سەحەر سەدای منی غەریبە ماری
وەزی هەر گێژم
ئەگەر نەتێیان لە مەدرەسان دەخوینن

ئەمن بەبێ برین خوینێ دەرێژم
گەلی برادەرینە ئەمن هەرچەندی دەکەم
لەوێ کۆنە دنیایێ
قاصیدەکی بە متمانیم بە دەست ناکەوی
بینێرمە کن بەژنێ باریكو دووچاوی بەرەك
راستی درێ خۆمی لەبۆ بێژم
وەیلێ سەحەرە !!

★ ★

ئەوەل سەحەرە
دەرکیوان شانشینان (١)! دوو دەرییان (٢)
پەنجەرەو حەسارگان هەرەنگێون
تاکوو چارێگە سەعاتەکی لێی بێتن عەکسی بخوورێ
ئەگەر شەمس موغابرا
چرا دادەگیرسێتن لە سێبارەکی نوورێ
گەلی برادەرنیە
ئەمن دەست لەسەر بەژنی باریكو
دوو چاوی بەرەك هەڵ ناگرم
هەتا حەزرەتی ئیسرافیل (٣) نەداتن لە نەفخی سوورێ (٤)

---

(١) شانشین : ئەوکۆشکەیە کە(شا) لێی دادەنیشێ یاخود هەرکۆشکێکی گەورە ٠

(٢) دوو دەری : لێرەدا مەبەستی لەو کۆشکانەیە کەدوو دەرگایان هەبێ ٠

(٣) ئیسرافیل : فریشتە یێکیخودایە ٠

(٤) نیشانەیە بۆ ئەو ئایەتەی قورئان کە دەڵێ [ یوم ینفخ في الصور فتاتون افواجا] « بڕوانە قورئانی پیرۆز ، سوورەتی (النبأ) ئایەتی ١٨» ٠

مەنسووری هەلاج(١) تەقەی دێ لە کەوانی (٢)
حەزرەتی مووسا زارویەك کەلیمەی دەکاتن
لەگەل باری تەعالا لە سەر کێوی تووری(٣) .
وەیلێ سەحەرە !

★ ★

ئەوەل سەحەرە
گەلی برادەرینە ، دەرێ ئەوڕۆکە جومعەیە
لە محەلی نیوەرۆێ
ئەگەر فەقێیان لە مەدرەسان دەخوینن
بولبولی خانەوێران
بە جێ ناهێلێ جێ راوگەی خۆێ
گەلی برادەرینە ئەمن ئێستا دەریم :
خوزیا دوو راموسانان
لە بەژنێ باریك‌و گەردەنی زەردو
دووچاوی بەرەك کردبایە
لە مابەینی برژانگ‌و برۆێ !!
وەیلێ سەحەرە !

★ ★

---

(١) هەللاج : زانایێکی صوفی هەرە گەورەی ئیسلام‌بووە .
(٢) کەوان : مەبەستی لە کەوانی ژێداری پەڕەکردنە
(٣) توور : شارێکی بچووکە لەنیمچە دوورگەی سینا لە بن چیایێك کە بەناوی ئەو شارەوە ناونراوە .

ئەوەل سەحەرە
گەلی برادەرینە ، ئەمن ئەو سارەکە
سەبارەت بەژنێ باریکو دووچاوی بەرەك
بوویم سەرگەردانە
ئەگەر لە شاری مووسلی
لە بۆ من بیتن هەتیمە سەرقافڵە باشی
بەرێ لە شاری بەغدایێ
لە بۆ من بیتن هەتیمە بازرگانە
وەیلی سەحەرە !

★ ★

ئەوەل سەحەرە
گەلی برادەرینە ئەگەر سینگی ئەو بابان وێرانەی
لەبۆ من بمێنێ بە وێ باغچە یسۆرە گوران
کە وەتانی ئەو سارەکە
بە خۆم لێ دەبم بە باغەوانە !
وەیلێ سەحەرە !

★ ★

ئەوەل سەحەرە
ئەمن ئەو سارەکە نیازی دری من وایە
لانکەکی لەبۆ ئەسمەرێ خۆم بکەم
لە داری سەوری (١)
ئەنگۆ لەبۆ من بانگ بکەنە

---

١) داری سەور : داری سەوڵ ، کە مەجـرەفی بەلەمی لێ دروسـت دەکرێ ٠

وەستایەکی دوانزدە عیلم
دەبا ئەو کراسی ئەو بابان ویرانەی
لەبۆ من بەقەدەر ببڕی
گەلی برادەرینە
ئەگەر مەمکێ مەحبووبە گچکەلانەکەی من
زێدە گچکەلانە بوون ناگاتە زاری تفری (١)
وەیلێ سەحەرە !!

★ ★

ئەوەل سەحەرە
گەلی برادەرینە
ئەمن ئەو سارەکە نیازی دری من وایە ·
لانکەکی لە بۆ ئەسمەری خۆم بکەم بەمسکینی
ئەگەر سۆرە گوڕ سۆر دەبوون لە باغان
رەشە رەیحان سێبەری خۆی
داوێتەوە دەورەی پەرژینێ
گەلی برادەرینە ئەمن دوعایەکی دەکەم
ئەنگۆ برێن : « ئامین »
« هەر کەسانەکی ببێتە باعیزی دوو دران
یا رەبی خێر لەمارو مەنزلی خۆی نەبینی
رۆژی حەشری لە سەر بەردی سەخرە تولّایێ
روو دەرنەباتن لەبەر شەیتانی لەعینی
وەیلی سەحەرە !!

---

(١) تفر : طفل ، منداڵیساوا ·

**(٤) مەقامی بەهار :**

بەهار گۆرانی‌یەکە لە سەر ئاوازی مەقامی (حیجاز) دەگوترێ . رەنگ‌و رووپەکی دەشتەکی‌یانەی بەسەرەوەیە ، لە ناو قۆناغ‌و دیوەخـــانی ئاغاو میرانەوە گەشەی کردووەو بەم لاو ئەو لادا بڵاوبۆتەوە . لە هەندێ بەشی‌دا دەور دابەش کردنێکی درامایی جوانی تێدایە ، با بزانین لە بەندەکانی ئەم مەقامە چیمان بە بەر گوێ دەکەوێ !

## بەهـــار

ئەمن بوهارەکم ئەوا گەیوەتێ
گەلی برادەرینە
خواکەی سەرێ من دەیێشی
دری منی غەریبە ماری دەترسی
ئەگەر سەرێ من دەبڕا ببیتن بە قوربانی
ئەوێ قورینگی(١) گەردن گوزر
کە وەتانی هەموو بوهارو پایزان
شاپەڕێ خۆی شۆڕ دەکاتەوە
بە سەر گوڵ‌و گوڵاوی کاولە سندوسی
هەر کەسانەکی گراوی‌یەکەی(٢) منی نەدیتیەو ناناسی
ئەوەتانی سەری جوانە ماینەکی عەدال‌و
سەر بە قۆتەرەوە(٣) رادەکێشی

---

(١) قورینگ ، قولنگ ، جۆرە باڵندەیێکی ئاوی‌یە لە قاز گەورەترو گەردن درێژترە .

(٢) گراوی : دڵدار ، دەزگیران .

(٣) قۆتەرە : قۆتەرەی وڵاخ ، پێش چاوکەهەتی .

کۆچ‌و کۆچباری خێلی ونسی
ئەی دایە ئەسمەرێ سەد حەیف‌و موخابن
دەمکوژێتن لە وێ کۆنە دنیایێ
هەر ناکەس بەچەی ئەو عەیامەی
هەردەستی‌و بە بەر دەرکی مەجبووبە
گچکەلانەکەی من رادەبری
ئەویش لە کۆنەگراوی‌یەکەی من دەپرسی

★ ★

ئەمن بوهارەکم ئەوا گەیوەتی
گەلی برادەرینە
خواکەی هەورێ پایزان
لە کاکی من دەدەن دەورانە
ئەنگۆ لەبۆ من برێن : بە میری رووبارم چنە ؟
ئەگەر دەرێن : میری رووبارم چنارن
بەرێ ئاغایێ رووبارت شەنگەبینە !!
ئەنگۆ لە بۆ من برێن : بە گەردەنێ ئەوی مار وێرانێ
پڕ لە تۆق‌و تەلەسم‌و روباب‌و عەباسی‌و
سێشایی کەونینە .
ئەگەر کلیلی سینگ‌و مەمکی
ئەو بابان وێرانێم داکەوتینە
بەرێ دەرگەوانی سینگ‌و مەمانیم
سنجاق‌و دەرزینە !!

★ ★

ئەمن بوهارەکم ئەوا گەیوەتی

کەلی برادەرینە

خواکەی سەری‌من دەبێشی

دری منی مار وێرانی گەلەك بە کەوایە

ئەگەر کەوێ مار وێران

لەمن بوویتەوە تاقو جووتە

بەری سووسکەی خانە خەراپ

لەمن بووین بە ڕەوایە

گەلی برادەرینە

هەر کەسانەکی گراوی‌یەکەی منی نەدیتی‌یەو ناناسی

ئەوەتانی کارو مامزەکی مل بە قەرێتەیەو

چەند شیرن خەوایە(۱)

ئەی دایە دەوەرە وەرایە

یا ڕەبی لەمنو لەماری بابەکەی منو

دووچاوی بەرەکت کەویتن وەرایە !!

★ ★

ئەمن بوهارەکم ئەوا گەیوەتێ

گەلی برادەرینە

توخواکەی ئەنگۆ بەدرێ غەریبە ماڵ وێرانێ من

مەکەن بوختانە !!(۲)

---

(۱) خەوایە : خێوراوەتی ، لێی وەشاوەتەوە .

(۲) ئەم مەقامەی (بەهار) تەواو نی‌یە ، سێوەش هەر هەندەی دەگوت‌و تەواوی نەدەکرد .

**(٥) بەندێك لە مەقامی پاییز (١) :ـ**

گەلی برادەرینە ئەمن پاییزەکم گەییەتی
چ پاییزەکی فەقیرە !!
کە دارە بەنێ ماڵ وێران سێبەری خۆی
لە من دەکاتە سەرتیپرە
ئەگەر دری خەرکی ئەو عەیامەی
بریندارە بە شیران ! بە تیران !
**بە ماری دنیایێ !!**
بەلام دری منی غەریبە مارێ
بریندارە لۆ کیژۆرەکی چاردە ساران
تازە لە مەمکۆلانی کەرایتەوە شیرە !!

**(٦) مەقامی شەنگ مێرەم :ـ**

ئەم مەقامە سەبارەت بە ناو هێنانی تفەنگی شەشخان ، کە ئەو کات جۆرە چەکێکی نوێ بووە ، لە هەموو دەقی مەقامەکانی دیکەی سێوە نوێتر هۆنراوەتەوە ، زادەی ئاوو هەوایێکی شارستانێتیو هاتوباتی بازرگانی سەدەی نۆزدەهەمی ئەو شارە زیندووەی کۆیەیە ، با بزانین دانەری دەقی مەقامەکە چ بە زمانی دایکی (شەنگ مێرەم) ەوە هەڵ دەبەستێ لە جوانیو ناسكو بەناز پەروەردەیی کچە شۆخو شەنگەکەیداو ، خەریکە چ کراسێکی گرانبەهای بۆ بکرێ تابێی بچێتە شاییو گۆوەندێ :ـ

---

( ١ ) ئەم پارچە مەقامەی پاییزم لە رۆژی ١٩٧٩/٦/١٠دا لە کۆیە لـە کاك عوسمان عەونی شاعیرم وەرگرتووە ٠

# مەقامی شەنگ میرەم

ئەری شەنگێ ، شەنگە جوانێ
چاو سەقەرێ ، باڵەبانی (١)
داك حدوودێ (٢) بێ نیشانێ ·
وەی لێ وەی لێ

★ ★

برادەرینە ·· دەرێن ئەوڕۆکە جومعەیە
لە محەلی نیوەڕۆیێ
ئەگەر شەنگێ بەژن برندێ
دەچیتەوە سەر قەسرێ (٣)
دووەمین هەرامە سارنجێ (٤) ·
ئەنگۆ لە بەژنی شەنگی بفکرن
چ عەیبانی نینەو عەیبی لێ مەگرن
چەند بە شیرنیو لاوچاکی
لە قۆری (٥) دەخونجێن (٦) هەرامە باونجێ (٧)

★ ★

---

(١) باڵەبان : جۆرە باڵندەیێکی گۆشت خۆری راوکەرە [ بڕوانە : فەرهەنگی خاڵ جـ١ ل١٠٤] ·

(٢) حدوود : بە ئەسپو ماینی رەسەنی کوردی دەگوترێ ·

(٣) قەسر : کۆشکێکی هاوینیە ، بە جۆرێکی وا دروست دەکرێ لـــە هەموولایێ هەوای فێنك بیگرێتەوە ·

(٤) سارنج : فێنکترین شوێنی کۆشکی هاوینیە

(٥) قۆر : قۆڵ ، بازوو ·

(٦) دەخونجێن : دەنگونجێن ·

(٧) باونج : جۆرە زریزەیێکی زیوی پلپلەدارە ، لە یاخەو زارکـــە قۆڵی کەوای ژنان دەدوورا ·

برادەرینە تاری لە دنیایێ
چەند لە دری من رابوردن
ئەگەر هەنیێ شەنگ میرەمێ
لەبۆ من بمینێ
بەویێ مانگێ لە چاردەی
کەوەتانی خەریك مایتەوە
لە مابەینی هەورو ساماری
ئەگەر مەمکی شەنگێ
لەبۆ من بمینێ بەوی چارقوبەی ئالتوونێ
کەوەتانی عەلی بەگی داسنی (١)
دەیداتەوە لە چار گۆشەی هەرامە مەتاری (٢)
وەی لێ وەی لێ

★ ★

برادەرینــە
ئەمن جوابەکی خێرێم زانی بوو
لە لای باش ئاغای لاوەندان (٣)
دەرێن ماچی شەنگێ زێدە هەرزانە
ئەوەتا هاتیتە سەر هەزار قەرە ریاری (٤)
وەی لێ وەی لێ !

---

(١) عەلی بەگی داسنی : سەرداری عەشیرەتی داسنی کورد بووە ٠
(٢) مەتار : مەتال ، قەلغان ٠
(٣) لاوەند : بەو سەربازە نانیزامی‌یە یان دەکوت کە دەولەتی عوسمانلی لە لورستان‌و هەریمی (وەند) بیکی هینابوون ٠
(٤) قەرە ریار : قەرە ریال : جورە بارەیەکی عوسمانلی بووە ٠

برادەرینە ٠
دەڵێن سێ بازرگان هاتینە
لەبەری تەتارچیانە
دەڵێن هەر سێکیان وەزیرن !
نا بە خودای هەر سێکیان پاشانە !!
دەڵێن کراسەکیان پێیە
لەبۆ شەنگ مێرەمێ زێدە هەرزانە
وەی لێ وەی لێ !

★ ★

تەتەر (١) دێو رادەبری
داکی شەنگێم دەڵێ :ـ « تەتەر مارت وێران بی
قیمەتی ئەو کراسەی لە بۆ من بڕێ» ٠
تەتەر دەڵێ :ـ «قیمەتی ئەو کراسەم ئەوەتانە
بە پێنج صەد سەر بەردیلی (٢) بەر بەرانە
بە پێنج صەد ماینی کەحیلانە (٣)
بە پێنج صەد تفەنگی شەشخانە
بە پێنج صەد حۆقە روونی تەیرانە !!»
داکی شەنگێم دەڵێ :ـ
« تەتەر مارت وێران‌بی
ئەگەر شەنگێ ئەو کراسەی
لەبەر بکاتن‌و بچێتە شاییو

(١) تەتەر : قاصید ، نامەبەر ، پۆستەچی ٠
(٢) بەردیل : بە مەڕی سێ‌ساڵان دەگوترێ [بڕوانە : فەرهەنگی خاڵ جـ١ ، ل١٥٤] ٠
(٣) کەحێلان : جۆرە ماینێکی رەسەنی عارەبی‌یە ٠

گۆوەندیو سەیرانە
خەرکی بیبینن داخوا دەرێن
چتو کچەتیمە رەزەوانە !!»
وەی لێ وەی لێ !

## (٧) مەقامی نیوەشەو :

دەقە ئەدەبی‌یەکەی ئەم مەقامە لە چاو مەقامەکانی پێشوو جوانترو هونەری‌ترە ، وێنەی شیعری ناسكو دەور دابەش کردنێکی شانۆیی جوانی تێدا بەکار هاتووە . وەك رووەكو بابەتی سروشتی وەك شەوبا ، مامڵەتی ئادەمیزادو ئەکتەری شانۆیی لەگەڵدا کراوە . لە سەرەتادا مەقامبێژی ناودار (مەربێن) گوتوویەتی . ئینجا (حەنیل)و هاوچەرخەکانی لێیان وەرگرتووەو ، لە دواییشدا خوا لێ‌خۆش بووان (سێوە) و (مەلا ئەسعەد)و (ئەحمەدی حەمە مەلا) دەیان گوتو ئێستاش مامۆستا (تاهیر توفیق) سەرکەوتووانە دەیڵێو ئەمەش دەقەکەیەتی :ـ

ئەمن نازانم ئەشەوە ئەنیوە شەوە ئەبەری بەیانە
کە وەتانی کەرەبابەك دەخوێنی لە گەرەکی ژێری
ئەمن نازانم ئەو کەرەبابە نە نارە نە شینە نە مۆرە
کەوەتانی شەوێ لە سێبارەکی شەوێ بانگ رادێری
منی غەریبە مارێ شەوێ بە خەبەر دینی (١)

★ ★

لە گوری لە سۆرە گوری لە نارنجێ لە تورونجێ لە لیمۆیێ
بە عام شرعی خۆیان دەبردەوە کن پیرە شەوبایێ

---

(١) بەندی یەکەمی مەقامەکە تەنیا لە دەقی (شەعبەی مەربێن)دا هەیەو ، سێ بەندەکەی دیکەیان لە دەقەکەی مامۆستا (تاهیر توفیق) یشدا هەیە.

پیرە شەوبایێ مار وێران دەرێ ئەگەر ئەمن چ شرعان بزانم
چ حەرفان لێك بدەم ، شتاقمان بەو خارەی نینە
کەوەتانی لە سوورەتی لەیلایێ ·

★ ★

ئەمن ناوێرم دەنگو سەدایێ غەریبە مار وێرانی خۆم هەڵینم
لە ترسی بە ژنەکا برندو دووچاوی بەرەك
ببیتەوە مەترسیو هاوارو غەفڵەتە
مەمکێ ئەو بابان وێرانەی لەبۆ من بمینێ
بەوان فنجانو فەخفووریان
کە وەتانی لە دیوەخانەکان پێی دەخۆنەوە
قاوە لەگەڵ هەرامە شەربەتە !!

★ ★

ئەمن بە گەڕەکی ژێریدا دەچمەوە خوارێ ·
لە عامی دەرو جیرانان دەپرسم داخوا شەو چ مەجالە ؟
کیژ دەرێ : هەتیمە لاوە مەجالی نیوە شەوێم لێ بەسەرچووینە
دەم لە سەر ناسکێ رووم‌ەتم هەڵبگرە
بەسم شەمامەو شەمامە بەندی باخەڵان بگووینە !!

**(٨) گۆرانی شلەو خانان :ـ**

لە گۆرانییە هەرە کۆنەکانی شاری کۆیەیە ، هەندێ کەس لەو رایەدان کە لەلایەن ئەمین ئاغای ئەختەری شاعیرو مەقامناسی کوردەوە دانرابێ (١) ·

---

(١) بڕوانە : [ ظاهر محمد ـ رەنگاو رەنگ ـ کەرکوك ـ ١٩٧٠] ، ل ٣٣ و ل ٧٥ ·

بەڵام من وەك سەرنج دەدەمە ووشەو چۆنیەتی داڕشتنی شیعرەکەو زمانە ئەدەبی‌یەکەی ، دێمە سەر ئەو قەناعەتەی کــە پێش سەردەمی ئەختەر دانرابێ‌و هەبووبێ ، بەڵام ئەوە ڕێی دەچێتێ لەسەر دەستی ئەو هونەرمەندەوە، ڕێك وپێکتر خرابێ .

ئەم گۆرانی‌یە کۆنە لەسەر ئاوازی مەقامی (بەیات) دەگوترێ خاڵــە (سێوە) شایی ڕۆینەی(١) پێ دەگێڕاو ، لە ڕاستیشدا ئەو مەقامە هەر بۆ ئیقاعی ئەو جۆرە شایی‌یە دەست دەداو ، دەقی شــیعرەکەی بەم جۆرەیە :

## شلەوخانان

ئاوێ گۆلانم گەرمە

شلەو خــانان داد    ئاوێ گـۆلانم گەرمە !

هەو هەوێ میرێ مە(٢)

---

(١) شایی ڕۆینە : جۆرە شایێکی خاوی کوردی‌یە . لە کاتی هەڵپەرکێ ـ یەکەدا ، پێ بەرز ناکرێتەوەو شایی‌یەکە ڕاستەو ڕاست دەڕواتو پێی دەگوترا شایی میرو ئاغاو بازرگانان ، چونکە هــەڵبەزینەوەو خۆماندوو کردنی تێدانی‌یە .

(٢) ئەم دێڕە شیعرە لە دەقی کتێبی [ڕەنگاو ڕەنگی کاك ظاهر محمد] و [ ئەختەری شاعیری جوانی‌و دڵداری ـ ئازاد عبدالواحد]و تیپی باواجی کۆیە بەم جۆرە هاتوە کە دەڵێ [ هەوێ میرێ مە ] بەڵام لەکاتی خـۆی من لە سێوەو ئێستاش لە دەقی خاڵە [ قادری حەمەدی حەمامچی ی گۆرانی بێژی کۆیی ١٩٠٤] . بەم جۆرەی سەرەوەم وەرگرتوە ، واتا : [ هەو هەوێ میرێ مە] کە لە لایەنی مۆسیقاو لەلایەنی ماناوە ڕاستەو دروستترە ، چونکە (هەوە هەو) جۆرە ئەعلەتەیێکی سوارو شەڕکەرانی سەردەمی ڕابوردووی کورد بووە .

شـــلەو خانان داد هەلآتن     لۆ مێردان [١] شـەرمـــە
هەو هەوێ میرێ‌مە ؟

★ ★

ئاوێ گۆلانم کـەفە
شـــلەو خـــانان داد     ئـاوێ گـۆلانم کـەفە
هەو هەوێ میرێ مە
قۆشـەن [٢] داژۆن بە صـەفە
شـــلەو خـــانان داد     هەراتن لۆ مێردان حـەیفە
هەو هەوێ میرێ مە

★ ★

ئـاوێ گـــۆلانم تیژە
شـــلەو خـــانان داد     ئـاوێ گـــۆلانم تیژە ،
هـەو هەوێ مـــیرێ مە

★ ★

جووتە سییان [٣] قیژە قیژە
شـــلەو خـــانان داد ،     دەرێن عەیشان گەورە کیژە
هەو هەوێ میرێ مە
★ ★
جـــووتە سییان گارە گارە
شـــلەو خـــانان داد ،     جووتە سییان گار ەگارە

---

(١) مێردان : کۆی (مێرد)ە کە مەبەستی لەپیاوە بەگشتی .
(٢) قۆشـەن : لەشکر .
(٣) سییان : کۆی (سیی) یە ، سیسالك : جۆرە باڵندەیێکی گۆشـــت خۆری گەورەیە بە مانای (النسر)ی عەرەبی دێ .

# گۆرانی - شلەو خانان -



هەو هەوێ میرێ مە

دەرێن عەیشان زۆر مندارە

شـلەو خـانان داد        دەرێن عەیشان چاردە سارە

★ ★

ئەسپی شێی خانمێ بۆزە

شـلەو خـانان داد        ئەسپی شێی خانمی بۆزە

هەو هەوێ میرێ مە

ناو بەردان گرتیان تۆزە

شـلەو خـانان داد        سەفەری خـان پیرۆزە !!

هەو هەوێ میرێ مە

**(٩) گۆرانی جەبارەو جەبارە :** (١)

ئەم گۆرانی‌یەش مەقامی شایی رۆینەیە ، سێوەی هونەرمەند لـە نەورۆزو سەیرانی بەهارانی کۆیە ، شایی دۆستو یارانی پێ دەگێرا ٠

دوای ئەو وەك شلەوخان لە شایی‌و گۆوەندان شوێنەواری نەماوەو چ گۆرانی بێژێکی دیکەی ئەو شارە وەکو ئەویانە پێ ناگوترێ ٠

جەبارەو جـەبارە ،        جـەبارەو جـەبارە

هەرچی صاحیب یارە        لە چـاوان ڕا دیارە

★ ★


جـەبارەو جـەبارە        جـەبارەی نـەورۆزی

چـەندە فیتـو فۆزی        لـە چـاوان ئارۆزی

---

(١) دەقی ئەم مەقامە لە رۆژی ١٩٧٩/٢/٤ دا لە کاك شەعیەی مەربێنم وەرگرتوەو بە ئاوازەوە لە کۆیەم تۆمار کردووە ٠

گۆرانی - جه باره و جه باره -




وریا أحمد

٥/١١/١٩٧٩ هەولێر

جەبارەو جەبارە جەبارەی نەدیمە
نەکرێم قیمە قیمە بێ مەمکان ناژیمە

★ ★

خوایە قەت واناکەی باغان بەر هەڵلاکەی
پیران لە گری راکەی، جوانان پێگدی شاکەی؟!

**(١٠) مەقامی لە بەر نازی چاوبازان :**

ئەم مەقامە لە کۆیە تایبەتە بە بووك گواستنەوە ، لەو کاتەی کە بووك دەگاتە بەر دەرگای ماڵی زاوا . لە گەڵ کۆرس دەگوترێ ، لە سەردەمی پێشوو بە دەقی شیعرێکی دیکە دەگوترا ، بەڵام لە سەرەتای چلەکانەوە ، ئەم پارچە هۆنراوەی شاعیری دڵتەڕی موکریان «وەفایی»ی بە ئاوازەکە دەگوترێ . سێوەو مەلائەسعەدو ئەحمەدی حەمە مەلاو شەعیەی مەربێن‌و مامۆستا تاهیر توفیق هەموویان هەمان ئاوازیان بەکار هێناوە بۆ ئەم هۆنراوەیە :ـ


## لەبەر نازی چاوبازان (١)

لەبەر نازی چاو بازان خواردن‌و خەوم خوێناوە
بە تیری تیراندازان چ بکەم جەرگم بڕاوە ؟!

ئەی ئاوێنەی دولبەری زارت گوڵ زولفت زەڕی
با هەناسەم نەتگرێ رووی خۆت بێنە بەم لاوە !

(١) لە کۆیە ئەم پارچە شیعرە بەو ئاوازە خۆشە دەگوترێ‌و لە هەندێ دێڕدا کەمێك جیاوازی هەیە لەگەڵ دەقی ناو (دیوانەکەی وەفایی) لێکۆڵینەوەی مامۆستا محەممەد عەلی قەرەداغی‌و لە هەندێ شوێنیش هەڵەکانمان لەسەر دەقی ئەو دیوانە راست کردەوە .

« لەبەرنازی چاوبازان »




نووسینەوەی نۆتە
وریا أحمد
هەولێر
١٩٨٠/١/٢٨

* مەبەست لەم Gliss. خشینە (زحفە) لەنوتەیەکەوە بۆئەوی ترکە بەکەولەبەستراون
بەیەکەوە ، وەکو لە باری سێیەم لە sol ەوە دەخشین بۆ نۆتەی La

بەس عومری من بەبا دە رووت بێنــە زوڵفت لادە
دڵ بۆیە نا موورادە بەو شـەوە ڕۆژ گیراوە

با شەو بڕوا سەحەر بێ باخی گـوڵان بە بەربێ
گەر تۆ مەیلت لەسـەر بێ کـافر ئیسلامی ناوە

لەسەر تاقی دوو ئەبرۆت مەیلی زولفان دەمکێشێ
خۆ وەختە من کافربم چبکەم قیبلەم گۆڕاوە

هاتم بە بۆنەی خاڵت تووشی داوی زوڵفت بووم
تەیرێکی نا بەڵەد بووم نەمزانی دانەو داوە !

**(١١) مەقامی حەریقی ئاگری دووریم :-**

ئەم مەقامەش لە شیعری (وەفایی) یەو لەسەر ئاوازی (نەهـاوەند) دەگوترێو تامو بۆیەکی کوردیی تەواوی وەرگرتووە ، لە کۆنەوە بەسـەر دەمو زاری مەقامبێژانی کۆیەوە بووەو ، بە زۆری (مەلا ئەحمەد) دەی گوتو گەلێ جاریش (سێوە) لە ئاهەنگەکانی (کۆمەڵی بووژاندنەوەی هونەرە جوانە ـ کان) لە کۆیەو سلێمانیو هەولێرو رانیـە ئەم مەقامەی بە سەرکەوتوویی پێشکەش کردووە .

## حەریقی ئاگری دووریم (١)

حەریقی ئاگری دووریم لە داخی عیشقی تۆ جانە ، (٢)
ئەگـەر بایێك لەلای قیبلەم نەیێ حاڵم پەرێشانە

---

(١) ئەم دەقەو دەقەکەی ( دیوانی وەفایی ـ لێکۆڵینەوەی مامۆستا محمد عەلی قەرەداغی ـ کۆڕی زانیاری کورد ـ بەغدا ١٩٧٨) . لــە دێڕی یەکەمو دووەمی نەبێ دەنا هەردووکیان وەکوو یەکن .

(٢) لەو دەقەی کە (مەلا ئەحمەد)و (سێوە) دەیان گوتو ئێستاش لە
←

نەسیمی صوبحدەم قوربان نیشانەی تۆزی ڕێگاتە (١)
غەریبم ، بێ کەسم ، ڕوح و دڵم سووتاوی هیجرانە !

بە غەمزەی چاوەکەی مەستت هەموو جێی نەشتەرە جەرگم
بە موژگانی سیات قەلبم سەراسەر جێگە پەیکانە

---

→

کۆیە لەلای چەند کەسێکی وەکو کاك (جەلال جۆبار)ی شاعیر تۆمارکراوە بەم جۆرەی سەرەوە هاتووە کە بەڕای من لە بارەی ماناوە لە بارتره لە چاو دەقی هەمان نیوە دێڕ لە دیوانەکەی وەفایی‌دا کەم بەم جۆرەی خوارەوە هاتووە :

حەریفی ئاوری دووریم ، داغداری زولفی جانانە ... ل ١٤٤

چونکە هەرچەندە ووشەی (ئاور) ی شێوەی موکریان ئەسڵی تریش بێ ، بەڵام دەستەواژەی [لە داخی عیشقی تۆ جانە] زۆر باشتر لەگەڵ هەبکەلی هۆنراوەکە ڕێك دەکەوێ چونکە هەمووی ئاراستەی کەسی دووەم کراوە ، کە یارە دڵدارەکەیەتی .

(١) دیسانەوە ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە دەقەکەی لای شاعیری کۆیی (جۆبار) بەم جۆرەی سەرەوە نووسراوە ، کە باشتر لەگەڵ بیرو ئەندێشەی شاعیرانەی وەفایی دەگونجێ لەچاو دەقەکەی [ دیوانی وەفایی ـ لێکۆڵینەوەی مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی ... ل ١٤٤] کە دەڵێ :ـ

[ نەسیمی صوبحدەم قوربانی نەشئەی تۆزی ڕێگا تم ]

چونکە بای بەیانی نیشانەی تۆزی ڕێگای هاتنی یارەکەی پێ ئاسکرە لەوەی شاعیر لە خۆڕایی خـۆی بە قوربانی بای بەیان بکات و هیچ پەیوەندی بە یارەکەیەوە نەبێ !

به تاری زوڵفو گوڵناری جەمالی تۆ بە رۆژو شەو
سەرم دەربەندی سەودایە ؛ دڵم سەرگەرمی سـووتانە !

بە شەوقی رووت لە حەڵقەی زولفەکەت دێ ئاهو ناڵەی دڵ
لە صوبحی کازیبەی شەودا چریکەی مورغی خۆشـخوانە

شەهیدی تیغی ئەبرۆتم بە جـەزبەی خـاڵەکەی چاوت
مەقامم قابە قەوسەینە لە سایەی پیری مەیخانە

( وەفایی ) دەردی بێ دەرمانە بەو چاوانە نازانم
هیلاکی تۆیە ؟ یانە خەستەجانی دەسـتی پەریانە ؟

**(١٢) مەقامی لە باغان ئاهو ناڵین دێ :**

ئەم گۆرانییەش لە شـیعری وەفاییەو لە سـەر ئاوازی مەقامی (چوارگا) لە لایەن (مەلائە سەعەد) و (سێوە) وەوە دەگوترا و لەدواییدا گۆرانی بێژی هونەرمەند (ئەحمەدی حەمە مەلا) لە کۆڕو دانیشتنە تایبەتییەکانیدا دەیگوت‌و ئێستاش مامۆستا (تاهیر توفیق)و زۆر لە مەقامبێژانی مەڵبەندی کۆیە دەی ڵێن ٠ وەك زانیومەو لە گەڵ لەمەقامناسانی ئەو شارەم بیستووە ، وەفایی شاعیر بەو ئاوازەی چوارگا ئەم هۆنراوەی خۆی گوتووەوتا ئەمڕۆش هەربەم جۆرە دەگوترێ ٠

## لەباغان ئاهو ناڵین دێ (١)

لە باغان ئاهـو ناڵین دێ دەڵێن شای نێو گوڵان رۆیی
لە مەیخانان سەدای شین دێ دەڵێن پیری موغان رۆیی

---

(١) دەقی ئەم شیعرەی (وەفایی)م لە (ئاوازی بەجۆشی)ی مامۆستا تاهیر توفیق هەولێر ١٩٧٨ ، ل ١٦ وەرگرتوە ٠ جونکە ئەم مەقامە لە کویە لە سەر ئەو دەقە دەگوترێو ئەو شەش دیرە بەکار دی ٠

دەڵێن دەوری قەمەر ، سەیری فەلەک میزانی گۆڕاوە
کەوا گوڵ زەردو سونبل تێکچوو رەنگی ئەرخەوان رۆیی

مەڵێن بولبول مەناڵێنە کەوا گوڵ گوڵشەنی چۆڵ کرد
دڵئارامی ئەما قوربان کە ئارامی دڵان رۆیی

سەحەر مەستانە هات بولبول بە شادی بۆ تەواڤی گوڵ
کەدی باغ بێ گوڵە داغبوو بە سەد ناڵەو فوغان رۆیی

خرابوو خانەقا بێشێخو شەوقی تالیبان سەدحەیف
چەمەن ویران بوو نەغمەی بولبولان چوو باغەبان رۆیی

بە ناڵەی بولبولو قومری (وەفایی) بۆیە هەر دەگری
گوڵێکی سەرو باڵام بوو بە تاراجی[١] خەزان رۆیی

**(١٣) مەقامی بە قامەت خەرامان :**

دەقی ئەدەبی ئەم مەقامە لە شیعری شاعیری غەزەلخوان (صافی)ی هیرانیەو ، لە سەر ئاوازی مەقامی (راست) دەگوترێ · (مەلا ئەسمەد)و (سێوە) لە ئاهەنگو کۆڕو دانیشتنی دۆستو یارانیاندا دەیان گوت ·

## بە قامەت خەرامان[٢]

بە قامـــەت خەرامان بـــە روو ماهـــی تابان
فیـــدایی تـــۆم گـــەدایی تـــۆم ،
عەزیزم ··· ئـــای حەبیبم ··· وای تەبیبم !

★ ★

---

(١) تاراج : ووشەیێکی فارسیە ، بە مانای تاڵان دێ ·

(٢) لە (دیوانی صافی ، چاپی سێیەمین ، هـــەولێر ١٩٧٣ ، ل ٣١)وە وەرگیراوە ·

دەمێ بـێرە لامـان    بنـوارە غولامـان ،
بـە چـاوی بـاز    بـە غـەمزەو نـاز ،
عەزیزم ··· ئـای حەبیبم ··· وای تەبیبم !

★ ★

لـە دەردت حـەزینم    کـولاوە بریـنم ،
بـکە دەرمـان    ئەتـۆی لوقمـان
عەزیزم ··· ئـای حەبیبم ··· وای تەبیبم !

★ ★

لە بەر چاوی کاڵت    لـە عیشقی جەماڵت
دەمـی شەیدام    دەمی ریسـوام ،
عەزیزم ··· ئـای حەبیبم ··· وای تەبیبم !

★ ★

لە دوو لا کوژاوم    سـەراپا سـووتاوم
بە نـاری رووت    بـە دوو ئەبرووت
عەزیزم ··· ئـای حەبیبم ··· وای تەبیبم !

★ ★

تۆ شـاهی جیهـانی    تـۆ رووحـی رەوانی
حـەیاتم تـۆی    نەجاتم تۆی
عەزیزم ··· ئای حـەبیبم ··· وای تەبیبم !

★ ★

وەکوو (صافی) هیران      فیدای اشاهی گەیلان [1]
منی مـەفتوون      منی مەحزوون
عەزیزم ··· ئای حـەبیبم ··· وای تەبیبم! [2]

**(١٤) بەستەی زولفو ئەگریجەی یار :**

ئەم بەستەیە لە شیعری شاعیری نیشتمان پەروەری کورد (دڵـدار)ە سێوە لەسەر ئاوازی بەستەیێکی ( سەلیمە موراد ) بە ناونیشانی | تدری بخبرنا |ی دەگـوت ، چونکە (سـێوە)و (دڵدار)یش لـە دوای سیی‌یەکاندا گۆرانی‌یەکانی ئەو ئافرەتە گۆرانی بێژەیان لەلا خۆش‌و پەسـەندبوو · (سێوە) نەك هەر ئاوازی ئە وگۆرانی بێژەی لەگەڵ شیعری کوردی دەگونجاند بەڵکوو هەندێ جاریش لەسەر ئاوازی مەقامە ناودارەکانی (محەمەد کوبانجی) و (حەسـەن خێوکە) شیعری شاعیرە ناودارەکانی کوردی بە مەقام دەگوت ، وەك شیعرەکانی ئەمین ئاغای (ئەختەر) و (قاصد )و (وەفایی) و [مستەفا بەگی کوردی] ·

## زولف وئەگریجەی یار [3]

زولفو ئەگریجەی یار      چـــەندە تەبـایە
وێنــەی جەمالی یار      لـە دڵی مـن دایە

---

(١) شاهی گەیلان : مەبەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانی‌یە [١٠٧٨ـ ١١٦٧ز ] کە دامەزرێنەری (تەریقەتی قادری) یە ، صافییش خـۆی شێخێکی ناوداری ئەو تەریقەتەی قادری بووە ·

(٢) (سێوە) ئەم مەقامەی دەگوت بە بێ ئەوەی گـوێ بداتە ناوەرۆکی شیعرەکەی صافي کە ناوی شاهی گەیلان دەهێنێ‌و دڵـــسۆزی‌یەکی ئیسلامانەیە ، کەچی خۆشی دیان بوو ·

(٣) لە [ دیوانی دڵدار ـ چاپی دووەمین ـ هەولێر ل ٦٢ ] وە وەرگیراوە ·

شـا بۆی گەدایە

گەداش فیـدایە

روح بۆی رەوایە

هـەر بێ وەفـایە

چونکە مەشرەبی یار جـەورو جـەفایە

★ ★

سـەد ماشـەڵلا یارم چـەندە بـە نازە

دڵـم دەسـووتێنی بـەم چاوە بـازە

گـەردنی قـازە

شـەهێن و بـازە

بـۆ روح دڵخـوازە

بەعیشـوەو نازە !

لێـوی پشـکوتوە وەك غونچەی تازە !

★ ★

هەستە چاوەکـەم یار وەعـدەی جـارانە

ئاسمان وەکـوو مـن ئەسـیری تابـانە

شـایی و سـەیرانە

لـە ناو رەزانە ،

رووی چەند جوانە

وێنـەی گـوڵانە

بەهـارە ئەمـرۆکە جـەژنی عاشقانە !

ئەمانە بوون چەند نموونەیەك لە دەقی ئەدەبی گۆرانیو مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندی کوردمانو پتر گرینگیماندا بە دەقی ئەو مەقامە فۆلکلۆری‌یانەی تایبەتن بەو گۆرانی بێژە هونەرمەندەمانو لەسەر کێشی بەند هونراونەتەوە وەك مەقامەکانی (گوڵێ) و (عایشە گوڵ) و ( سەحەر )و [ بەهار ]و [ پاییز ]و



chalakmuhamad@gmail.com

(شەنگ مێرەم)و (نیوە شەو) لەگەڵ دەقی چەند شیعرێکی شاعیرە کلاسیکی ـ یەکانی کوردی وەک (وەفایی)و (صـــافی)و دەربڕینی هەندێ تێبینی‌و نی‌کردنەوەی ووشەو ماناکانی‌و بڵاوکردنەوەی نۆتەی ئاوازی سێ لەو مەقامانە کە لەلایەن دۆستی بەڕێزم مۆسیقازانی لاو (کاکە وریا)ی کوڕی خوا ـ لێ خۆش‌بوو ( ئەحمەدی حەمە مەلا )ی مەقامناسی کورد لە مەڵبەندی کۆیە نووسراونەتەوە ·

## لێکۆڵینەوەیەك لە دەقە ئەدەبی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانی

## گۆرانی‌و مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند

### بەیت‌و بەندی کوردی :

لەناو کۆمەڵگای کوردەواریدا ، بە داستانی هـۆنراوەی فۆلکلۆری دەگوترێت (بەیت) ، جا ئەو داستانە چ داستانی قارەمانێتی بێ‌و چ داستانی ئەڤین‌و دلداری ، ئەوا هەر لە ژێر باڵی ئەو ناوەدا لەنگەر دەبەستێ ٠

گەلی کورد لە کۆنەوە گـەنجینەیێکی گـرانبەهای لە کەلەپووری نەتەوایەتی خۆی‌بووە ، بە تایبەتی کەرەستەو بابەتی ئەدەبی فۆلکلۆریی وەك چیرۆك‌و بەیت‌و بەبێ ئەوەی رۆڵەکانی چ بایەخ‌و نرخێکی پێ بدەن ٠ لـەو کاتەی کە وولاتە پێشکەوتووەکانی ئەوروپا لە سەدەی نۆزدەهەمەوە کەوتبوو ـ نەتە خۆیان‌و بە گەرمی‌یەوە دەستیان دابووە کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی ئەو ئەدەبە نەمرەیان ، کەچی لەلای ئێمەی کورد تەنها چەند رۆشنبیرو شاعیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی نەبێ داوایان لە گەلەکەیان دەکرد نرخێك بدەن بەو کەلەپوورەیان ، دەنا کـەسێك نەبووە ئاوڕێك لەو هونەرە بەرزەمان بداتەوە ، هەروەك حاجی قادر دەڵێ :ـ

بەسیە پێ عاری ئەی گەلی خزمان
لەم هەموو بەیتی میللەتی خۆمان

گەر نەمـە سنەوو سـلێمانین
ناوی یەکیـان بە چـاکی نازانین

بەیتی دمدم کە قـەدری نازانن
پاکی سـیحری حـەلالی کـوردانن

وەکوو شانامە گەر بنووسرایە ،
لێت موعەییەن دەبوو چ وەستایە ؟!

ئەسبی رەش بەیتی تابڵۆی چاکە ،
نەزمی ئێجگار سوارو چالاکە !!(١)

هونەری داڕشتن‌و شێوەی هۆنینەوەی (بەیت) یا بە شیعری هاوکێش‌و سەروادار هۆنراوەتەوە ، یاخود بە جۆرە شیعرێکی کێش جیاوازی کورت‌و درێژی سەروا گۆڕاوی نزیك لە پەخشانی هونەرییەوە داڕشتراوە کە پێی دەگوترێ « بەند » .

بۆ جۆری یەکەم دەتوانین بەیتەکانی قەڵای‌دمدم‌و ئاورەحمان پاشای بابان‌و خەزێمی‌موکریان بە نموونە ، بهێنینەوە ، کە بە شیعری هاوکێش‌و سەرواداری رێکوپێك داڕشتراون وەك لەم پارچە بەیتەی خەزێمدا هاتووتە :ـ

سەد وەستام دەوێ لە بانی کۆیە
هەشتا لە مووسڵێ شێست لە شنۆیە
کراس بدوورن لە گوڵی لیمۆیە
دەبڵا تەنك بێ ناسك‌و شلك بێ
بۆ چاو هەڵۆیە(٢)

بۆ جۆری دووەمیش کە بە شێوەی شیعری ( بەند ) هۆنراونەتەوە ، دەتوانین بەیتەکانی (مەم‌و زین)ی شێوەی موکریان‌و (مەمی ئالان)ی شێوەی بۆتان‌و خەج‌و سیامەندو برایمۆك‌و لاس‌و خەزاڵ بکەین بە نموونە هەروەك لە بەیتی مەم‌و زیندا هاتووەو دەڵێ :ـ

---

(١) دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ چاپی سێیەمین ـ هەولێر ١٩٦٩ ، ل ١١٠
(٢) توحفەی موزەفەرییەی ئۆسکارمان ـ ساغکردنەوەی هێمن ب١ ، بەغدا ١٩٧٥ ، ل١٣٤ .

خالق هەر تۆی لەسەرە

سێ بەری لە ئاسمانی حەوتەمین بە ستوپانە لەنگەرە

لە کۆشکی کاکەمەمی هەڵ دەنیشتن ئەو بەر ئەو بەرە

خوشکی گەورە دەڵێ بە خوشکی چکۆلە

خولاکەی خوشکێ روومەتی کاکەمەمی زەریفە یان چراو فەنەرە ؟!

خوشکێ گەورە لە خوشکان پرسی‌یە

خوشکێ نیوەنجی وای گۆتی‌یە

هەر لە عەرشی تاکوو کورسی‌یە

هەموو دنیام پشکنی‌یە

هیچ کەسم نەدیوە لە گوێن جوانی کاکە مەمی‌یە !(١)

ئەمەبوو پارچەیەك لە شیعری (بەند) کە سەرتاپای بەیتی مەم‌و زینی شێوەی موکریان بەم جۆرە شیعرە هۆنراوەتەوە ·

شیعری (بەند) وەنەبێ هەر لە ئەدەبی کـــوردی‌و بەتایبەتی لە جۆرە فۆلکلۆری‌یەکەیدا بەدی بکـــرێ ، بەڵکوو لە ئەدەبی نەتەوەی عەرەبیش ئەو دیاردەیە بەدی دەکرێ‌و لە هەندێ سەرچاوەی ئەدەبی عەرەبی وەکوو (تاریخ الأدب العربی)ی عباس ئەلعەززاوی‌و (میزان البنـد)ی دوکتـــۆر جەمیل ئەلەلائیکەو گەلێ کتێبی ئەدەبی دیکە باسی چەمك‌و(٢) نیشانەو خاسیەتەکانی (بەند)و گەلێ نموونەی جۆراو جۆر هاتووە ·

لە کتێبی (الأدب العربي) ی پۆلی شەشەمی ئەدەبی‌دا لە بارەی (بەند)ەوە دەڵێ :ـ « لە دوای مەغۆل‌و هاتنی عوسمانلی‌یەکان جۆرە هونەرێکی تازەبابەت

---

(١) توحفەی موزەفەری‌یەی ئۆسکارمان ـ ساخکردنەووی هێمن بەشی ـ یەکەم ، ل ٢٢٥ ·

(٢) چەمك : مفهوم ، مەعنا ·

لە ئەدەبی عەرەبی‌دا خولّقا ئەویش هونەری (بەند) بو[1] . وە لە کتێبی (میزان البند) دا بەم جۆرە بەند پێناسە دەکاتو دەڵێ :ـ [ بەند ووتەیێکی هۆنراوەیەو کێشەکەی بە چەند جار دووپات کردنەوەی کێشی (م فاعی لن) دروست دەبێو دێڕەکانی کورتو درێژو ژمارەیان دەگۆڕێ][2] .

هەروەها لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێ :ـ [ سەرهەڵدانی بەند لە عیراق نیشانەی شۆڕشێکی نوێ‌کردنەوە بوو لە ئەدەبی عەرەبی‌دا ، بەڵام چونکە لە کاتێکی نالە بار ولە سەردەمی داگیرکردن [ لە دایك‌بوو ، بۆیە ماوەی پەروەردە بوونی نەبوو ، تا گەشە بکاتو ببێتە هونەرێکی ئەدەبی نەمر][3] .

بەندی کوردی‌و بەندی عەرەبی لە شێوەی هۆنینەوەو چەمکە گشتی ـ یەکەیاندا دەگەنەوە یەك لەگەڵ بوونی چەند جیاوازی‌یەك لە نێوانیاندا ، ئەویش ئەوەیە بەندی کوردی هەر لە فۆلکلۆردا چنگ دەکەوێو خاوەنی دیار نی‌یە ، بۆیە ڕەگی قووڵترو کۆنترەو ، بەندی عەرەبیش نوێ‌تر سەری هەڵداوەو خاوەنی شاعیری ناسراون‌و بەزمانێکی پەتی دانراوە .

لە کوردیدا بەند بۆ دانانی بەیتی داستانی‌و ستایش‌و پێدا هەڵگوتنی جوانی‌و شۆخ‌و شەنگی‌ی یاری دڵدار بەکارهاتووە ، کەچی لە عەرەبیدا بۆ ستایشی خوداو پێغەمبەرو پیاو چاك‌و کاربەدەستان گوتراوە .

بەندی کوردی تەنها هونەرێکی شیعری فۆلکلۆری لەبار نەبووە بۆ هەڵبەستنی بەیتی قارەمانێتی‌و دڵداری ، بەڵکوو لە کۆنەوەش جۆرە قاڵبێك بووە بۆ داڕشتنی گۆرانی دڵداری پڕسۆزو کەرەستەیەکی سەرەکی بووە

(١) الادب العربی للصف السادس الأدبی ـ بغداد ١٩٧٢ ط٤ .

(٢) الدکتور جمیل الملائکة ـ میزان البند ـ المجمع العلمی العراقی ـ بغداد ١٩٦٥ ، ص٤ و ص٥ .

(٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ، ل٢٩ .

بۆ لاوولەو حەیرانو مەقامی کوردیو ، هیچ بەندێك بەبێ ئاواز نەماوەتەوەو هەردەم ویردی سەر زارو زمانی گۆرانی بێژان بوون ، بۆیە کە گوێمان لە ناوی بەیتێك یا چەند بەندێك دەبێ ، گورج ئیحای ئاوازەکانیمان دێتە بەرگوێو لەو جۆرە نموونانەش بە دەیان دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری جوانو سەرکەوتووی وەکوو (گوڵێ) و ( عایشە گوڵ) و (سەحەر) و [بەهار] و (پایز) و (شەنگ مێرەم) و (نیوە شەو)ی لەسەر خاڵە سێوەی گۆرانی بێژی هونەرمەندمان بە دەستەوەیە تاکوو بیان کەین بە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکەمان.

**دەقی ئەدەبیی مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند :-**

دەقی مەقامو گۆرانی‌یە فۆلکلۆری‌یەکانی سێوە چ کامێکیان بەیتی تەواو نین‌و داستانێکی جووت رەگەزی ئاشق‌و ماشق یا دوو پاڵەوانی دژ بە یەکیان بۆ تومار نەکردووین ، بەڵکوو هەر یەکە بە زمانی پاڵەوانێکەوە دەدوێ بەبێ ئەوەی پاڵەوانی ئەڤیندار یا دژ بە یەك جارێك بێنە جەواب .

لە هەندێ مەقامی‌دا لاوی دڵدار بە جوانی‌و شۆخ‌و شەنگی‌ی یارە دڵ رفێنەکەی خۆیدا هەڵ دەڵێ‌و خۆی بۆ هەموو جۆرە سەر لە پێناوی‌و فیداکاری - یەك ئامادە دەکات بەبێ ئەوەی یارەکەی چ دەورێك ببینێ وەك لە مەقامەکانی (گوڵێ)و (سەحەر)و (پایز) دا هاتووە .

لە هەندێکیشیاندا یاری ناسك‌و نازدار ، شێت‌و شەیدای لاوە دڵدارەکەیەتی بەبێ ئەوەی لاوەکەی دەنگێکی لێوە بێ .

جابۆیە من گەیشتوومەتە ئەو قەناعەتە کە بڵێم زۆربەی دەقی مەقامە - کانی (سێوە) هەریەکە پارچەو بەشی بەیتێکی ئەڤین‌و دڵداریی رێك‌و پێك بوون‌و لە ئەنجامی گێڕانەوەی دەماو دەم‌و لەیەکتری وەرگرتنەوە لێك‌دا- پچڕاون‌و هەیکەلە داستانی‌یەکەیان نەماوەو ، هەر پارچەو بەشە بوون بە مەقامێکی جیاوازو سەر بەخۆ ، زۆر رێی تێدەچێ مەقامی (گوڵێ) کە لەسەر

زمانی لاوێکی ئاشقی شێت‌و شەیدای کچێکی شۆخ‌و شەنگی پەری شێوە هەڵبەستراوە ، لەگەڵ مەقامی (عایشە گوڵ) دا کە لەسەر زمانی کچێکی ئەڤینداری سوارە چووکەلانەکەیەوە گوتراوە ، هەردوو مەقامەکە یەك (بەیت) بووبن ، چونکە هەر یەکە ماناو هەیکەلی ئەوی دیکەیان تەواو دەکات‌و لە بارەی کێش‌و مۆسیقای شیعرەکانیشەوە ، هەردوو مەقامەکە دەچنەوە سەر هەمان کێش‌و ئیقاع ٠

## دەبێ کێ دەقی ئەدەبیی مەقامەکانی سێوەی دانابێ ؟

هەر کەسێکی کەمێك شارەزایی لە هونەری گۆرانی‌و مەقامی کوردیدا هەبێ‌و گوێی لە گۆرانی‌یەکانی سێوەی هونەرمەند رابگرێ‌و ، کەمێك لە بەندو بابەتەکانی وردبێتەوە ، پرسیارێکی بە مێشکدا دێ‌و حەزیش دەکا بزانێ وەڵامی ئەو پرسیارە چی‌یە ؟! پرسیارەکەش بەم جۆرە سەر هەڵدەداو دەکەوێتە سەر زمان : « دەبێ کێ دەقی بەندەکانی ئەو مەقامانەی سێوەی دانابێ ؟!» ٠

بە تێروانینێکی ووردو هەڵسەنگاندێکی مەقام‌و گۆرانی‌یەکانی ئەو مەقامبێژە هونەرمەندەمان ، ئەو راستیانەمان بۆ دەردەکەوێ :ـ

١ ـ ئەو کەسانەی دایان ناون زانیاری‌یەکی باشیان بووە لە کاروباری ژیان‌و دنیاداو تا رادەیێك شارەزای هونەرو رۆشنبیریی کوردی بوون ٠

٢ ـ ئاگاداری چیرۆك‌و بەسەرهاتی پێغەمبەرانی خوداو ئایەتەکانی قورئان بوون ٠

٣ ـ ئاگاداری کەلەپووری نەتەوایەتی کوردو عارەب‌و فارس‌و تورك بوون ٠

٤ ـ بە وردی‌و راستگۆیانە ژیانی کۆمەڵایەتی‌و ئابووری کۆمەڵگای

کوردەواری فۆناغی دەرەبەگایەتی‌و سەردەمی سەرهەڵدانی سەرمایەداری بازرگانی لە شارەکانی کوردستانیان دەربڕیووە ٠

٥ ـ تابلۆی شیعری جوان‌و پۆستەری هونەری‌یان ، سەرکەوتووانە لەناو هەیکەلی هۆنراوەکانیاندا چەسپاندووەو پێ‌یان رازاندۆتەوە ٠

من لە سەرەتای لێکۆڵینەوەکەمدا ، هەندێ جار بیرم بۆلای (عەلی بەردەشانی)ی شاعیری دەرباری ( ئاورەحمان پاشای بابان) دەچوو ، کە ئەویان ئەم شیعرانەی دانابێ ، چونکە تا ئێستاش گەلێ گۆرانی‌و بەیتی ئەو شاعیرە میلی‌یە ناوداره‌ی بابان ، لە ناوچەی (کۆیە)دا شایی‌و گۆوەندیان پێ دەگێردرێ‌و ، ئەو ناوچەیەی (کۆیە)ش لەسەدەی هەژدەهەم‌و نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدهەمدا ناو بە ناو نەبێ لەبەر حوکمی میرنشینیەلی سۆران بووە ، دەنا بە زۆری هەر لەژێر رکێفی فەرمانڕەوایی بابان بووە ٠

شاعیرو گۆرانی بێژە هونەرمەندەکانی بابان هاتوچۆی ئەو شارەیان کردووەو بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەریی خۆیان تێدا بڵاوکردۆتەوەو هونەری تازەیشی لێوە فێربوون ٠ بەڵام کە قووڵتر لە شیعرەکانی بەردەشانی وردبوومەوەو لەگەڵ ئەو شیعرانەی کۆیە بەراوردم کردن ، بینیم لە بارەی کێش‌و ناوەرۆک‌و شێوەی دارشتنیانەوە زۆر لێکدی‌یەوە دوورن ، بۆیە ئەو گومانەم لە مێشکدا رەوییەوە ٠

لەگەڵ خوێندنەوەی [ توحفەی موزەفەری‌یە ] ی ئۆسکارمان‌و ساخکردنەوەی (هێمن) داو سەرنجدان‌و وردبوونەوە لە دەقی بەیت‌و بەندو وردە مەقامەکانی ، هەرچەندە چاومان بە تاقە دەقێکی گۆرانی‌یەکانی (سێوە) نەکەوت ، کە ئەو کتێبە بە هەردوو بەشەکەیەوە گرتبێتیە خۆ ، بەڵام لە زۆر شوێن چاومان بە وێکچوون‌و لێك نزیك بوونەوەیێکی سەرەکی کەوت ٠

بۆ نموونە : بەیتی خەزێمی سوکریان لە بارەی ناوەرۆکەوە ئاشنایەتێکی

بنەڕەتی لەگەڵ مەقامی (شەنگ مێرەم) ی ناوچەی (کۆیە) دا هەیە چونکە تەومرە (محور)ی ناوەرۆکی هەردوو دەقەکە دروست کردنی کراسێکی نایابی گرانبەهایە بۆ کچێکی ناسكو نازدار ، تاکوو پێی بچێتە شایی‌و گۆوەندی‌و هێشتاش لووتی لێی خوارەو لەبەری ناکات ، بام کراسەکە لە بەیتی خەزێمدا بۆکچە دۆمێکی رەجاڵی دەشتەکی‌ی مەزاق خـۆش بدووریێ‌و لە مەقامی (شەنگ مێرەم) یشدا بۆ کچە ئاغایێکی بازرگانی شارستانی بەناز پەروەردەبێ .

ئەگەر بمانەوێ بە دوای نموونەی بەبەکچوودا بگەڕێین ، لە گەڵێ بابەت‌و شوێن چاومان پێیان دەکەوێ ، بەڵام زیاتر وێکچـــوونی لە بارەی کێش‌و روخسارو شێوەی داڕشتن نەك لە بارەی بابەت‌و ناوەرۆکەوە ، وەك بەیتەکانی (مەم‌و زین) و (لەشکری) لە (توحفەی موزەفەرییە) و مەقامەکانی [عایشە گوڵ] و (سەحەر) و (گـوڵێ) و (بەهار) و [پایز] لـەلای سێوەی مەقامبێژی هونەرمەندی نەمرمان .

لە لایێکی تریشەوە ، وەك ئەمرۆ گوێمان لە هەندێ بەیت‌و بەندی فۆلکلۆریی کوردیی ناوچەی موکریان دەبێ ، دەبینین بەندەکانی (گـوڵێ) و (عایشە گوڵ) لە هەردوو لادا هەنە ، بەڵام زۆرلێکدی دوورکەوتونەتەوە . لە موکریان زیاتر شەقڵێکی دەشتەکی‌یانەو کۆمەڵگای کشتوکاڵی‌یان هەڵگرتوەو لە کۆیەش زیاتر رەنگدانەوەی ژیانی شارستانێتی‌و بازرگانییان پێوەدیارەو ، بە کەمێك وردبوونەوەو سەرنجدانیش لە دەقەکانی هەردوو لا ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەوێ‌و ، لە بارەی ئاوازو گوتنیشـــیانەوە ئەوا پتر هەست بەو جیاوازی‌یەیان دەکەین . بۆ زانینی‌کاتی سەر هەڵدانی ئەو دەقانەی کە لـــە هەردوو لادا هەنەو بۆ گەیشتنە ئەو راستیەی کە کە پێمان بڵێ : « لە کام لایاندا پێشتر هەڵبەستراون‌و ئینجا بەریونەتەوە بۆ لایەکەی تریان ؟! » .

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێ دوو ئیحتیمال لەبەردەم زەینی خۆمان دابنێین‌و ، دوو ئیحتیمالەکەش بەمجۆرە دەخرێنە ڕوو :-

**یەکەمیان**: یان دەبێ لەسەرەتادا ئەو بەیت و بەندە فۆلکلۆرییانە بە موکریانەوە هەڵبەسترابن و لە دوایی‌دا بەم لاو بەولای‌دا بڵاوبوونەتەوەو ، بە ڕێگای بازرگانی‌ی پشدەرو ، بە هۆی هاتوچۆوی شایەرو مەقامبێژە هونەرمەندەکانی ئەو هەرێمەوە بۆ کۆیە گەیشتبێتە بەرگوێی مەقامبێژەکانی ئەو شارە زیندووەو لەسەر زمانی گۆرانی بێژەکان شێوە موکریانی‌یەکەی گۆڕابێ بە شێوە تایبەتی‌یەکەی کۆیە ، بە گۆڕینی دەنگی لامە زێدە قەڵەوەکانی شێوەی موکریان بە دەنگی ڕێ‌یەکی نزیك لە لامی لاوازو هەندێ گۆڕانکاریی دیکە .

دووەمیان : یا خود دەبێ لە پێشتر لە ناوچەی کۆیەی (قاصد)ی شاعیرو ( ئەختەر )ی شاعیرو مەقامناسی کوردو ( مەڕبێن )ی مامۆستای مەقامی کوردی‌و نەشئەتی ڕەشید ئاغای پسپۆری ئاوازی مەقامەوە ڕێك خرابن‌و لە دواییدا بەرەو موکریان چووبن‌و شێوە زمانەکەی ئەوێیان وەرگرتبێ .

ئێمە لێرەدا ناتوانین وا بە ئاسانی حوکمی تەواو بە سەر ڕاستیەتی یەکێك لەو دوو ئیحتیماله بدەین ، چونکە ئەو دەقانە هیچ ئەدگارو نیشانەیێکی تایبەتی بە یەك لەم دوو ناوچەیەیان بە سەرەوە نییە ، وەك ناوی جیاو دۆڵ‌و ڕووبارو باخ‌و گەڕەك‌و کووچەو کۆڵان‌و گۆڕەپان ، تا لەو نیشانانەوە بزانین هی کام لایانەو لە کام لایاندا زووتر سەریان هەڵداوە ؟ بۆیە ئەم مەسەلەیە خۆی لە خۆی‌دا باسێکی سەربەخۆی بەهێزو پێزەو بەدوا داچوونی لە ڕاستە باسەکەی خۆمانمان دوور دەخاتەوە .

## شی‌کردنەوەی دەقە فۆلکلۆری‌یەکانی گۆرانی‌و مەقامەکانی سێوە :

ئەگەر ئێمە بە وردی‌و لە سەرەخۆ بکەوینە شی‌کردنەوەی دەقە فۆلکلۆری‌یەکانی گۆرانی‌و مەقامەکانی سێوەی هونەرمەندمان‌و ، بە چاوێکی ڕەخنەگرانە هەڵیان بسەنگێنین ، گەلێ ڕاستی‌و کەرەستەی هێژاو گرانبەهای ئەدەبی فۆلکلۆری ڕەسەنمان دەکەوێتە دەست‌و بە جوانی ڕادەی

هونەریی‌و رۆشنبیریی دانەری ئەو دەقانەمان بۆ دەر دەکەوێ ·

لە یەکەم سەرنجەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە دانـــەری ئەو دەقانە شاعیری میللی دەشتەکی نین ، بەڵکوو شاعیری تواناو هونەرمەندی لێهاتووی شارستانی بوونەو ، ئاگاداری هەموو کارو بارێکی ژیانی ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و ئایینی گەلەکەیان بوونەو ، لە رۆشنبیریی ئیسلامەتی‌و کەلەپووری نەتەوایەتی کوردو نـەتەوە دراوســێکانی ئاگاداربوون · لە رەوانبێژی‌و هێنانەوەی وێنەی شیعری جـوان جـوان‌و وێنەکێشانی تابلۆی هونەری ، بیرتیژو هەست ناسك‌و ئەندیشە قووڵ بوون ·

بۆ وەڕاست گەڕاندنی ئەو رایانەشمان با ڕوو بکەینـەوە گوڵـزاری هونەری ئەو دەقە ئەدەبی‌یە فۆلکلۆرییانەو نموونەی گونجـاوو گـوڵی مەبەستمانی لێ دەست نیشان بکەین ·

**کە لەپووری ئیسلامەتی لە ناو دەقەکاندا :**

ئەگەر لە هەندێ لەو دەقانە وردببینەوە ، چاومان بە گەلێ رەمــزو زاراوەی ئایینی ئیسلام دەکەوێ ، کـە هـــەموویان نیشانەن بۆ ئایەتی قورئان‌و بەسـەرهاتی پێغەمبەرانی خوداو پیـــاوە ئیماندارەکان بۆ ئەوەی مرۆڤ وەك کەلەپوورێکی ئیسـلام پەندو ئامۆژگارییان لێوەربگرن ·

بۆ نموونە : لە دەقی مەقامی (سەحەر) دا گوێمان لە پەیمان‌و بڕیاری لاوێکی دڵدار دەبێ بۆ ئەویارە جوان‌و نازدارەی ، کە تا ئەو دەمەی دنیـا کۆتایی دێ‌و تا رۆژی حەشر دادێ بە هیچ جۆرێ دەستی لێ هەڵناگــرێ‌و دەڵێ :ـ

گەلی برادەرینە

ئەمن دەست لەسـەر بەژنێ باریك‌و دووچاوی بەرەك هەڵناگرم

هەتا حەزرەتی (ئیسرافیل) نەداتن لە (نەفخی سووری)

(مەنسووری هەلاج) تەقەی بێ لە کەوانی
حەزرەتی (مووسا) زارو یەك کەلیمەی دەکاتن
لەگەل (باری تەعالا) لە سەر (کێوی تووری) !

کە دەڵێ : « هەتاحەزرەتی ئیسرافیل نەداتن لە نەفخی سووری» مەبەستی ئیشارەت کردنە بۆ ئەو دوو ئایەتەی قورئان کە یەکەمیان لە سوورەتی ( الزُمَر ) دا هاتووەو دەڵێ : « ونُفِخ في الصور فصعق من في السماوات ومن في الارض الا من شاء الله ثم نُفِخ فيه مرة اخرى فاذا هم قيام ينظرون» . وە ئایەتی دووەمیشیان لە سوورەتی (النبا) دا هاتووەو دەڵێ : [ يوم ينفخ في الصور فتاتون أفواجا ] . حەزرەتی (ئیسرافیل) یش یەکێکە لە فریشتەکانی خودا ، وەك لە ئایینی ئیسلامدا هاتووە ، دوو جار فوو بە کەرەنایەکەیدا دەکات ، جاری یەکەمیان لە رۆژی کۆتایی هاتنی ژیانی سەردنیاو جاری دووەمیشیان لە رۆژی قیامەتدا . (مەنسووری هەلاج) یش زانایێکی صۆفیگەری هەرە گەورەی ئیسلام بووە ، لە سەردەمی عەبباسی-یەکان لە نێوانی سالأنی [ ٨٥٨ ـ ٩٢٢ز ] دا ژیاوەو لە سەر هەلۆێستە صوفیگەرییەکانی کە گەیشتۆتە پایەی توانەوە لە نووری خودا داو ، گوتوویەتی « منم هەق » لە سێدارە دراوە . کە دەشلێ [ حەزرەتی مووسا زارو یەك کەلیمەی دەکاتن لەگەل باری تەعالا لە سەرکێوی تووری. ] مەبەستی لەو گفتو گۆیەی حەزرەتی مووسایە کە لە سەر چیای ( تووری سینا ) لەگەڵ خوایدا کردووە ، وەك لە ئایەتی سەدوو چلو سێیەمینی سوورەتی « الاعراف » دا هاتووەو دەڵێ :ـ [ ولما جاء موسى لميقاتنا وكلمه ربه قال ربِّ أرِني انظره اليك ، قال لن تراني ولكن انظر الى الجبل فان استقر مكانه فسوف تراني ...] تاکو کۆتایی ئایەتەکە .

وە لە شوێنێکی دیکەدا شاعیری دەقەنەدەیی‌یەکە دەڵێ :ـ
لەسن دوعایەکی دەکەم لەنگۆ بڵێن ئامین

هەر کەسانەکی ببینە باعیزی دوو دران
یا ڕەبی خێز لە مارو مەنزلی خۆی نەبینی
ڕۆژی حەشرێ لەسەر بەردی سەخرەتوڵلایێ
ڕوو دەر نەباتن لەبەر شەیتانی لەعینی

ڕۆژی حەشرو ڕوودەربردنو ڕوودەر نەبردنی حەشرکراوەکان لەبەر شەیتانی نەفرەت لێکراو ، کەلەپوورێکی ئیسلامەتی‌یەو ، لە جێگەی خۆیدا بەکارهاتووە . ئەمانەبوون چەند نموونەیەك لە بەکارهێنانی کەلەپووری ئیسلامەتی لەناو دەقی مەقامەکانی سێوەدا .

**کەلەپووری نەتەوایەتی کورد لەناو دەقەکاندا :ـ**

هەرچەندە ئەو دەقانە تۆمارێکی ساکارو ڕاستگۆی ڕووداوە کۆمەڵایە ـ تی‌و ڕامیاری‌یە ڕابوردووەکانی گەلی کوردمانن‌و بەرهەمی هەستو سۆزی شامیری میللی بە دەستەڵاتو زادەی بیرو ئەندێشەی مرۆڤی هونەرمەندن‌و سەرتاپایان بە کەلەپوورێکی گرانبەهای نەتەوایەتی کوردمان دەدرێنە قەڵەم‌و وەك گەنجینەو سامانێکی لەبن نەهاتووی گەلەکەمان پشتاو پشت بۆمان ماونەتەوە ، بەڵام لە هەمان‌کاتیشدا پڕن لە بابەتو کەرەستەی کەلەپووری نەتەوایەتی‌ی سەردەمێکی پێشووترمان ، دانەری ئەو دەقانە بۆ بەهێزکردنی ناوەرۆکو قووڵ کردنەوەی مانای بابەتەکانی بەکاری هێناون . بۆ نموونە : لە بەندی سێیەمی دەقی مەقامی (گوڵێ) دا ، چاومان بە هەندێ کەرەستە بەیتی (مەم‌و زین) دەکەوێت ، کە ڕووداوەکانی بۆ سەردەمێکی یەکجار کۆنتر دەگێڕنەوە ، لەو شوێنەیدا کە باسی (کوڕی پاشای یەمەنێ) و (بەکری مەرگەوەر) و پیلانەکانی دەکات ، مەبەستی لە کاکە مەمی کوڕی ئیبراهیم پاشای شاری یەمەنێ‌ی عاشقی خاتوو زینی کچی پاشای جزیرو بۆتانی کوردستانی سەرووە ، کە چۆن بە پیلانی بەکری مەرگەوەر خراوەتە بەندیخانەی باوکی زین ، هەروەك دەڵێ :ـ

ئەریٚ برادەرینە ..
هەر کەسانەکی قسەکی لە مابەینی من‌و گورە جوانیٚ بکاتن
یارەبی حاری بە حاری کوڕی پاشای یەمەنیٚ بی
کە وەتانی بە قسەی بەکرەی میرگەوەری
کەوتیتەوە حەپس‌و لەگەر هەرامە بەندی .

هەروەها لە بەندی سیٚیەمی دەقی مەقامی (شەنگ مژەم) دا باسی داستانی ئازایەتی‌و جەنگاوەری (عەلی بەگی داسنی) ی سەرۆکی عەشیرەتی داسنی دەکات . ئەو داستانەی (عەلی بەگ) بەر لە هۆنینەوەی دەقی مەقامی شەنگ مژەم خولقاوەو ، دانەری ئەو دەقە وەك کەرەستەیێکی کەلەپووری نەتەوایەتی بەکاری هێناوەو دەلیٚ :-

ئەگەر مەمکی شەنگیٚ لەبوٚ من بمینیٚ
بەویٚ چار قوبەی ئالتوونیٚ
کەوەتانی عەلی بەگی داسنی
دەیداتەوە لە چارگوٚشەی هەرامە مەتاری

## وێنەی شیعری‌و تابلۆی هونەری لەناو دەقەکاندا :-

لە گەشتی سەرنجدان‌و هەڵسەنگاندنی دەقەکاندا ، چاومان بە گەلیٚ وێنەی شیعری جوان جوان‌و تابلۆی هونەریی سەرکەوتوو دەکەوێت ، کە بە تەواوی دەستەلاٚتی ئەدەبی‌و توانستی هونەریی دانەری ئەو دەقانەمان بۆ دەردەبڕن‌و نرخ‌و رەسەنایەتی بەرهەمە ئەدەبیەکە بەرز دەکەنەوە .

لەم بوارەدا چەند نموونەیێکی بەرچاو دەخەینە روو ، بۆ ئەوەی خوێنەری بەرێزیش لەنزیکەوە ئاگاداری ئەو ڕاستی‌یە بن .

١ ـ لە بەندی دووەمی دەقی مەقامی (گوڵیٚ)دا وێنەیێکی شیعریی ناسکمان دەکەوێتە بەرچاو ، کە لە دیمەنی لە خەرمەستانی کچێکی شەنگ‌و

شۆڕێ بالا بەرزو پشت‌بەستنی‌دا سەرهەڵدەدا ، کە ئەم کارەیشی نیشانەی دەست پێ‌کردنی ژیانی رۆژێکی تازەیەتی لە کاروانی تەمەنی عیشق‌و دڵداریدا ، هەروەك دەڵێ :ـ

ئەرێ گورێ ۰۰۰ ئەمان گور لەخەو هەردەستی
شەنگ‌و شۆڕێ ، بەژن برندێ ، پشتی دەبەستی !

۲ ـ لە هەمان دەق‌و بەند دا ، لەو کاتەی کە نیوچەوانی سپی‌و گەشی گوڵێ‌ی جوانی پەری شێوە ، لە وێنـــەی مانگی لە چواردەی جۆخین بەستووی ئێوانی هەورر ساماڵان بۆ دەردەبڕێ‌و بەمە تابلۆیەکی هونەریمان بۆ دەکێشێ‌و دەڵێ :ـ

ئەگەر هەنێ گورە جوانێ
لەبۆ من بمینێ بەوێ مانگی لە چارەی
کە وەتانی لە مابەینی هەورو ساماری جۆخین دەبەستی

۳ ـ دیسانەوە هەر لەو دەقەدا وێنەیێکی جـوانی دیکەتان دەخەینە بەرچاو لە بارەی هیواو ئاواتی دڵدارەکەی گوڵێ‌ی کەزی زەردی چاوگەشی وەك سەقەر ، تاکو سەری خۆی بۆ لەکۆشك‌و سەراکەی بێنێتەدەر ، چونکە بەجارێ جگەری بۆی لەت بووەو دەڵێ :ـ

ئەرێ گورێ ئامان گور ئەسمەرێ
کەزی زەرێ چاو سەقەرێ ،
تو خواکەی سەرت بێنە دەرێ
لە تاقان لەپەنجەران لە شانشینان ، لە چارکناران
بە کەرتت کردن جگەرێ !!

٤ ـ لەبەندی دووەمی دەقی مەقامی (عایشە گـوڵ)دا ، تابلۆیەکی هونەریتان بۆ دەست نیشان دەکەین کە لەسەدەی رابردوودا ، لە سەردەمی

قۆناناغی دەرەبەگی جوانترین دیمەن لەبەر چاوی کچ دیمەنی لاوێکی شۆڕە سوار بووە کە بەخۆیو جوانە ماینەکی رەسەنو چەند تاژیو توولەیەکی چێ بە نێچیر بەرەو ڕاوشکار بکەوێتە ڕێ ، هەروەك دەڵێ :

ئەگەر عایشە گور دەرێ
هەر کەسانەکی سوارە چووکەلانەکەی من ناناسی
ئەوەتانی سواری جوانە ماینەکی بۆری ئەسعەد بەگی کەوتێتە
لەلایەکی دەرۆن جووتەگی توولەو
لەوی دیکەشی جووتە تاژی مل بە قەرێتە ·

٥ ـ لە بەندی یەکەمی دەقی مـــەقامی (پاییز) دا ، بەراوردییەکی هونەرییانە لە نێوانی دڵی خەڵکی ئەو عەیامەو دڵی برینداری خۆی دەکات ، کە چۆن دڵی خەڵکی بریندارە بە شیرو تیرانو بە تەماحی ماڵی دنیایێو دڵی خۆیشی برینداری ئەڤینی کیژۆڵەیێـــکی ناسکی چواردەساڵانەو بەســە پۆستەرێکی شیعریی جوانمان بۆ دەکێشێو دەڵێ :ـ

گەلی برادەرینە ···
ئەمن پاییزەکم گەییەتی چ پاییزەکی فەقیرە
ئەگەر دری خەرکی ئەو عەیامەی بریندارە
بە شیران ، بە تیران ، بە ماری دنیایێ !!
بەڵام دری منی غەریبە ماری
بریندارە لۆ کیژۆرەکی چاردە ساران
تازە لەمەمکۆرانی گەرایەوە شیرە !!

٦ ـ لـە بـەندی دووەمی دەقی شـەنگ مێرەمدا ، وەك وێنـە- کێشێکی هونەرمەند وێنەی بەژنو باڵای (شەنگ مێرەم)مان بۆ لەسـەر کۆشکەکەیەوە بۆ دەکێشێو داوا لە خەڵکەکە دەکات کە ئەوانیش بە چاوی

پەسندی ئەوی تەماشابکەن و سەرنجێکی ورد بدەنە قۆڵی ناسکی و بزانن چەند بە جوانی لەگەڵ باونجەکەیدا لێك وەشاونەتەوە ، بابزانین وێنەی ئەو دیمەنەی چۆن بۆکێشاوین و چ دەڵێ :ـ

ئەگەر شەنگێ بەژن برندێ
دەچینەوە سەر قەسری دوومین هەرامە سارنجێ
ئەنگۆ لە بەژنێ شەنگی بفکرن
چ عەیبانی نینەو عەیبی لێ مەگرن
چەند بەشیرنی و لاوچاکی
لە قۆری دەخونجێن هەرامە باونجێ !!

ئەگەر ئێمە لە گوڵزاری دەقی ئەو مەقامانەی سێوەی هونەرمەندمان بە دوای وێنەی شیعری و تابلۆی هونەریدا بگەڕێین ، ئەوا بەدەیان نموونەی دیکەمان دێتە دەست ، بەڵام با ئەم چەپکەمان بکەین بە نموونەی گوڵی هەمە رەنگی گوڵزاری ئەدەبی فۆلکلۆریمان و پیشانگای هونەری کوردیمانی پێ برازێنینەوە .

## جووڵەو دەور دابەش کردنی شانۆیی لەناو دەقەکاندا :ـ

ئەگەر ووردتر سەرنج بدەینە ئەو دەقانەو لە گۆشەی شانۆوە لێیان وورد ببینەوە ، ئەوا لە گەلێ شوێندا ڕەگەزی جۆراو جۆری درامی خۆیان دەخەنە بەر نیگای زەین و لێکدانەوەمان و بەرەو ئاوو هەوایێکی پڕ لە جووڵەو جۆشنی شانۆییمان دەبەن ، چونکە لە زۆر شوێندا ، نەك هەر ئادەمیزادو ئەندامەکانی لەشی ، هێزو جووڵەی شانۆییان پێدراوە ، بەڵکوو هەموو ئەو گیانەوەرو دارو درەختو گوڵ و گیاو رووبارو شەو بایەی ناویان هاتووە ، هەر یەکە دەورێکی زیندوویان پێدراوەو هەندێ لەوانە نەك هەر دەکەونە گفتوگۆو دەور نواندن ، بەڵکوو هەندێکیشیان بە چەپ رازی تەنیایی و مەنۆلۆژی ناو دڵ و

دەروونی خۆیان بە بەرگوێی خەڵکەکە هەڵدەدەن ، وەك ئەم نمونانەی خوارەوە ٠

١ ـ جاری وا هەیە پیرە شەوبا گیانی بە بەردەهێنرێو دەخرێتە سەر شانۆو دەوری مەلایێکی دوانزدە عیلمی پێدەدرێ تا شەرعی نێوانی گوڵو سۆرە گوڵو نارنجو لیمۆ بکات ، کە هەریەکە وەك ئەکتەرێك دێنە جووڵەو گفتوگوو ، پیرە شەوبای دنیادیتەش دوای بەراوردکردنی جوانی بێ جووڵەو جۆششی ئەو نموونانە ، لەگەڵ جوانی پڕ جۆششو زیندەگانی خاڵی سەر گۆنای کچی جواندا ، حوکمی رەوای خۆی دەدات ، بەبێ بەهایی جوانی تەبیعەت لە ئاست جوانی ئافرەتدا ، هەروەك لە دەقی مەقامی (نیوە ـ شەو) دا هاتووەو دەڵێ :ـ

لە گورێ لە سۆرە گورێ لە نارنجێ لە تورونجێ لە لیمۆیێ
بە عام شەرعی خۆیان دەبردەوە کن (پیرە شەوبایێ)
پیرە شەوبایێ مار وێران دەرێ ئەگەر ئەمن چ شەرعان بزانم
چ حەرفان لێك بدەم
شتاقمان بەو خاڵەی نینە کەوەتانی لە صورەتی لە یلایێ !!

لە سەرێکی تریشەوە ئەگەر ئێمە بە چاوێکی رەخنەگرانەی شیعری نوێوە سەیری ئەو بەندەی مەقامەکە بکەین ئەوا دەتوانین بە (شیعرێکی پۆستەر)ی جوانو سەرکەوتووی دابنێین لە بەراوردکردنی جوانی ئەونموونانە لەگەڵ جوانی پڕ لە هێزی ژیانو خۆشەویستی ئافرەتدا ٠

٢ ـ هەندێ جاریش (چنار) دەکرێ بە میری رووبارو (شەنگەبی) بە ئاغاو (رووبار)یش کە هەرگیز وەستانی بۆنیەو هەر بەردەوامە لە کاروانی مانو هەبووندا ، دەکرێ بە گەلو کۆمەڵگای کوردەواریو ، ئەم دەور دابەش۔ کردنە شانۆییەش لە دەقی مەقامی (بەهار) دا هاتووەو دەڵێ :ـ

ئەنگۆ لەبۆ من برێن بە میری دوبارم چنە ؟
ئەگەر دەرێن میری رووبارم چنارن
بەرێ ئاغایێ رووبارت شەنگە بینە !!

٣ ـ لە دەقی مەقامی (سەحەر) یشدا (رەشە رەیحان) دەورێکی شانۆیی پێدراوە هەروەك دەڵێ :ـ

رەشە رەیحان سێبەری خۆی داوێتەوە
دەورەی پەرژینی !!
ئەگەر مەبەست تەنیا دەربڕینێکی ئاسایی بوایە ، ئەو کات دەگوترا :
سێبەری رەشە رەیحان
دەکەوێتە دەورەی پەرژینی ٠

٤ ـ لە دەقی مەقامی پاییزیشدا (دارەبەن) هەمان دەوری شانۆیی لە وەرزی گەڵارێزاندا دەبینێو دەڵێ :

کە دارەبەنی مار وێران
سێبەری خۆی لەمن دەکاتە سەرە تیرە !!
ئەگەر تەنیا دەربڕینێکی ئاسایی بوایە ئەوا دەگوترا :ـ
کە سێبەری دارە بەنی مار وێران
لە من دەبێتە سەرە تیرە !!

ئەمانە بوون چەند نموونەیێکی زیندوو لە رووداوو دەور دابەش کردنی شانۆیی وەك دەسکەوتێکی گرانبەهای گەشتی گوڵزاری ئەو دەقە ئەدەبییە فۆلکلۆرییە کوردییانەو ، بۆمان کردن بە چەپکێکی هەمە رەنگی بۆن خۆش ، هیواداریین وەك دیارییەکی ئەم گەشتەمان لێ قبووڵ بکەن ٠

# مەقامەکانی سێوەی هونەرمەند
# لە تەرازووی رەسەنایەتیدا

ئێمە دوای سەرنجدان و هەڵسەنگاندن و شی کردنەوەی دەقی ئەدەبی ئەو مەقامانەی سێوەی هونەرمەندمان ، راستییەکی روون و ئاشکرامان بۆ دەردەکەوت ، ئەویش رەسەنایەتی ئەو دەق و ئاوازە ئەمرانەی مەقامەکانێتی ، کەسەنگ و نرخێکی گرانبەهایان هەیە لەناو گەنجینەی هونەری کوردیماندا و ، تای تەرازووی هونەری نەتەوەییمان باش راست دەکەنەوە ، دەتوانین پێوانەو نیشانەکانی ئەو نرخ و رەسەنایەتییەش لەم چەند خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە :-

١ ـ مەقامەکانی سێوە ، بە دەقی ئەدەبی و ئاوازەوە ، لەناو ئاوو هەوایێکی سازگاری کوردستانەوە سەریان هەڵداوە ، تۆمارو سیمفۆنیاێکی راستگۆی رووداوە کۆمەڵایەتی رامیارییەکانی کۆمەڵگای کوردەوارین و بەپێی قۆناغ و ژیانی خەڵکەکە خوڵقاون و کەوتوونەتە سەر زمانی ئەو مەقامبێژە هونەرمەندەمان .

٢ ـ بابەت و کەرەستەکانی هەمووی موڵکی کوردن و بۆکورد گوتراون ، پڕن لە ووشەی ناسکی خۆشەویستی و ئەڤین و دڵپاکی و جوانی و ئازایەتی و سوار چاکی و راستیی و وەفاداری و مەردایەتی و فیداکاری کەهەموویان ووشەو چەمکی ئەمرن و هەمیشە کورد شانازییان پێوە دەکات و تا هەتایێ لە نرخ و بەها ناکەون .

٣ ـ شاعیری بەیت و بەندەکانی لە دەربڕینی رەوانبێژییدا ، بۆ دەرخستنی جێ چاکی ئافرەت و شۆخ و شەنگی و کودج و کۆڵ و گەردن هەڵکشاوی و چاوگەشی ، تا مایێ حدوودو کارمامزی مل بە قەرێتەو تورینکی گەردن بەرزو سەقەرو باڵەبان و کەوی وولاتەکەی خۆی هەبوو بێ ،

به گیانەوەری دوورە وولآتو نەبینراوی وەکوو زەرافەو کەنگەرو تاووسەو نوونی نەچوواندووە ·

هەتا چۆمو چۆماڵو رووبارو گۆلو گۆلاوی داوێنی شاخەکانی خۆی بووبێ · بیری بۆ لای دەریا ئاودڕو دوورگەو ئۆکەندو کەشتیەوە نەڕۆ ـ یشتووەو · تا لە دارو درەختو گوڵو گیاو گوڵی بۆن خۆش ، چنارو شەنگەبیو نارنجو لیمۆو سێوو سووسنو بەیبوونو هەڵاڵەو رەشە رەیحانی باخی خۆی بووبێ · دەستی بۆ دارو درەختو گوڵی بێگانە درێژ نەکردووەو هەیکەلی دەقەکانی پێ هەڵ نەبەستوون ·

٤ ـ شاعیری دەقەکانی گۆرانیو مەقامەکانی سێوە ، لە پێداهەڵدانی هەر شتێك جوانترینو زیندووترین چەشنو ئەندامی هەڵبژاردووەو بەجوانیش لێی سەرکەوتووە ·

بۆ نموونە : لە دەربڕینی جوانی ئافرەتدا ، کەوتۆتە وەسفکردنی ئەو ئەندامانەی کەدەبنە پێوانەی جوانیو شۆخو شەنگی مێینە لەبەر چاوی نێرینەی جوانی پەرستدا ، هەر لە بەژنو بالای بەرزو سنگی سپیو مەمکی فنجانو گەردنی زەردو چاوی بەڵەکەوە بگرە تاکو دەگاتە برژانكو برۆی رەشو چاوی گەشی وەك چاوی سەقەرو باڵەبانو دوگەی سینەو مەمکانو زیی وکراسو قۆڵو باونجی کچی شەنگو شۆڕی کورد ·

٥ ـ دانەرانی ئەو دەقانە وەستایانە سوودیان لە گەلێ کەرەستەی کەلەپووری ئایینیو نەتەوایەتی کوردی پێش خۆیان وەرگرتووەو بەم کارەشیان جۆرە قووڵ بوونەوەو پتەوییەکیان بە بابەتەکانیان داوە ، هەروەك لە دەقی مەقامەکانی (سەحەر)و (گوڵێ)و (شەنگ مێرەم) دا بەکار هاتوون ·

ئەمانە چەند پێوانەو نیشانەیێکی رەسەنایەتی مەقامەکانی سـێوەی هونەرمەندی کوردو بوون ، هیوادارم توانی بێتم تاڕادەیێك ئامانجی مەبەستم بپێکم‌و خزمەتیکی بچووکی ئەدەبی فۆلکلۆری‌و هونەری کوردی بکەم.

پاشکۆ

# شیتەڵ کردنی

## چەند مەقامێکی «سێوە»

نووسینی ئەنوەر قەرەداخی

# شیتەڵ کردنی مەقامەکانی سێوە

**پێشەکی :**

لەم ڕۆژانەدا گوێمان لە زۆر ئاوازی کوردی دەبێ ، یان بەهۆی ئامێری مۆسیقاوە یا خود لە دەنگی گۆرانی بێژانەوە ، بە شێوەی بەستە یان مەقام ٠٠ بەڵام لە رووی چێژ لێوەرگرتن و هەست جووڵاندنەوە ، هەیە لای گوێگران زۆر خۆش و ڕێك و پێكەو ، هەیە ناخۆشەو هەیشە لەم میانە دایە ٠ ئەمەش بێگومان دەگەڕێتەوە بۆ شارەزایی ئەو کەسەو ، لێ هاتوویی لەو کارەی کە بۆی هەڵدەستێ ، بە تایبەتی لێرەدا کە باسی دەنگ خۆشی دەکەین مەبەستمان گۆرانی بێژەو چۆنیەتی وتنی ئاوازەکەیەتی جا بەستەبێ یان مەقام ٠

لێرەدا دەڵێین :ـ سێوە یەکێکە لەو گۆرانی بێژە کوردانەی کە لە منداڵیەوە پەروەردەی ناو جەرگەی ژیانی کۆمەڵایەتی ناو کوردەواری بووە ، گوێی بەو ئاوازو سۆزە فۆلکلۆرییانە کراوەتەوە کە لە منداڵیەوە گوێی لێبووە لەو ناوچە کوردەواریەدا کە تێیدا ژیاوە ٠٠٠ وە ئەو ئاوازانە لەگەڵ هەستیا تێکەڵ بوون و ، بە هەستێکی ناسك توانیویەتی دەریان ببڕێ ، جگە لەوەی کە لە خۆیدا بەهرەیەکی باشی هەبووە لە دەنگیدا ، لە رووی جۆری دەنگ و مۆرکی وتنی ئەو ئاوازانەی کە وتوونی ، ئەوەتا کە ئەی بیسین و کاری خۆ دەکاتە سەر هەست و ناخمان ، زۆر جێی داخە ٠٠٠ لەوانەیە زۆر ئاوازی نایاب تری وتبێ بەڵام لەبەر بێ دەرامەتی ٠٠ یان نەبوونی ئامێری تۆمارکردن لە سەردەمی لاوێتی و تافی شـــینگ و تاقەتی نەی توانیوە ئەو ئاوازانە تۆمار بکات تا ئەمڕۆ گوێمان لێ بێ ٠

دەڵێین ئەو ئاوازانەی کە سێوە وتوویەتی تامێکی کوردیی چـــاکی

هەیە ، بە تایبەتی لە رووی وتنیەوە ، چاك لێیان سەرکەوتووەو مۆرکێکی کوردی چاکی تیا دەرخستووە ، بەلام گەر بە ووردی سەرنج بدەینە ئەو مۆسیقایەی کە لە گەلیا بۆی لێدراوە ، هەست دەکەین هەمان ئاوازە بەلام مۆرکێکی عەرەبی زیاتر تیابەدی دەکرێ لە چاو کوردی ، بێگومان ئەمەش هۆی خۆی هەیە ، کاتێ کە ئەم ئاوازانە تۆمار کراون مۆسیقا ژەنی کوردی وامان نەبووە ، لەو جۆرە ئامێرانە لێ بدەنو ئەگەر هەش بووبێت ژمارەیەکی زۆر کەم بووە . ئەمانیش مۆرکی عەرەبیو تورکی کاری کردۆتە سەر هەستیانو بەو شێوەیە مۆسیقایان بۆ لێداوە کە گوێمان لێیە .

بێگومان زۆر مەقام هەن هاوبەشن لە کوردیو عـــەرەبیو تورکیو فارسیدا ، بەلام ئەوەی ئەی گۆڕێ شێوەی ووتنو مۆرکەکەیەتی .

مەقامی حیجاز لە کوردیدا هەیەو لە عەرەبیو تورکیو فارسـیشدا هەیە ، بەلام گەر گوێ لە هەر یەکێکیان بگرینو ، گۆرانی بێژێکی خۆی بیلێ هەست بە مۆرکی خۆی دەکەین تیایا ... لەگەل ئەمەشدا هەمووی هـــەر مەقامی حیجازە !

کەواتە مۆرك بریتییە لەو هەستو ناخەی کە لە ژیانی کۆمەلایەتیو سروشتو باری ژیانی ئەو ناوچەیەی کە هونەرمەندەکە تیایدا دەژیو رەنگی داوەتەوە لەناو هونەری ئەو مۆسیقاژەنە یان ئەو گۆرانی بێژەدا .

لە بارەی ئەو ئاوازانەی کە سێوە ووتوونیو ، ئەوەی بە من سپێرراوە بۆ شیتەل کردنی ... ئەمانەی خوارەوەن کە لێی دەدوێم :-

## (١) مەقامی (ئای ئای) عایشە گوڵ :-

ئەم مەقامە (بەیاتی) یە ، بەڵام گوێزراوەتەوە بۆ پلەی حسەینی ( لا ) مەقامی (بەیات) کە دەگوترێ ، پلەکانی بە سەرکەوتن بەم شـــێوەیە دیاری دەکـەین :

دەنگی دۆگا = ڕێ

دەنگی سێ‌گا = می ﮐ

دەنگی چوارگا = فا

دەنگی نەوا = سۆڵ

دەنگی حسەینی = لا

دەنگی عەجەم = سی ﺑ

دەنگی کردان = دۆ

دەنگی موحەییەر = ڕێ

وەك ئەم نموونانەی خوارەوە :-

### نموونەی ژمارە (١)

ئەگەر بێتو ڕەگەزەکانی (جنس) یان (تترا کوردی) ئەم مەقامە جیـــا بکەینەوە ، دەبینین دوو ڕەگەزی سەرەکی‌مان هەیەو ڕەگەزێکی تریشمان هەیە کە ئەمەیان زۆر سەرەکی نی‌یە وەك لەم نموونەدا باسی دەکەین :

### نموونەی ژمارە (٢)

ئەو مەقامەی کە (سێوە) ووتوویەتی (ئای ئای) ، مەقامی بەیاتی‌یە بەڵام لەسەر پلەی (حسەینی) ( لا ) ووتوویەتی بە هەمان پلە ، کەواتە ئەگەر مەقامی ئای ئای بخرێتە سەر دەنگی حسەینی ( لا ) بەم جۆرەی لێ دێ ٠

## نموونەی ژمارە ( ٣ )

دەنگی حسەینی = لا
دەنگی ئەوج = سی ♮
دەنگی کردان = دۆ
دەنگی موحەییەر = ڕێ
دەنگی وەڵامی بۆسلێك = می
دەنگی چوارگا = فا
دەنگی نەوا = سۆڵ
دەنگی حسەینی = لا

وە ئەگەر بێتو ڕەگەزی ئەم مەقامە لەسەر پلەی حسەینی ( لا ) دەست نیشان بکەین بەم جۆرەی لێ دێ :ـ

١ ـ ڕەگەزی بەیات لەسەر حسەینی ( لا ) چوار دەنگی ٠
٢ ـ ڕەگەزی نەهاوەند لەسەر موحەییەر ( ڕێ ) پێنجدەنگی ٠
٣ ـ ڕەگەزی چوارگا لەسەر کردان ( دۆ ) چوار دەنگی ٠
ئەمەیان زۆر سەرەکی نییە ٠

## نموونەی ژمارە ( ٤ )

مەقامی ( ئای ئای ) کە سێوە ووتوویەتی تەنها لە ڕەگەزی یەکەمدایە ، واتە (بەیات) لەسەر پلەی حسەینی ( لا ) وە لە ووتنیدا کە دەست پێ دەکا دەچێتە سەر دەنگی موحەییەر ( ڕێ ) وە لە سەر موحەییەر دەنگی سەر دەکەوێ و دێتە خوار واتە : دەچێتە وەڵامی بۆسلێك ( می ) و دێتەخوارەوە بۆ دەنگی کردان ( دۆ ) وە لێرەدا جار جار تامی مەقامی نەهاوەند دەدات لە

وەستانیدا لەسەر دەنگی موحەییر ( ڕێ ) ٠ جاری واش هەیە یەکسەر لەدەنگی پێنجەمەوە دەست پێدەکا کـــە دەنـگی بۆسلێك ( می ) یە لـــە موحەییەردا ( ڕێ ) دەوەستێو بەدەنگی کردان ( دۆ ) وە ( ئەوج = سی ڤ ) دێتەوە خوار بۆ سەر دەنگی سەرەکی کە مەقامەکەی لەسەر بنیات نراوە کە حسەینییە ( لا ) ٠

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە سێوە تەنها لەسەر ڕەگەزی یەکەم ئەو ئاوازەی ( ئای ئای ) ووتوەو جار جاریش خۆی لە دەنگی لە سەرەوەی ئەم ڕەگەزە داوە ٠

# شیتەڵکردنی مەقامی ئای ئای «عایشە گوڵ»



## (٣) مەقامی ( گەری کۆیٚ ) :

سێوە ئەم مەقامەی لە سەر مەقامی حیجاز ووتووە ، بەڵام لە جێگای خۆی نەیووتووە بەڵکوو لەسەر دەنگێکی‌تر ووتوویەتی ٠

حیجاز وەك مەقامێك لە بنەڕەتا لەسەر دەنگی دۆگا ( ڕێ ) دەست پێ دەکا بەم پلانەی کە لەخوارەوە دەست نیشانیان دەکەین ٠

### نموونەی ( ١ )

پلەکانی بریتین لە :ـ

دەنگی دۆگا = ڕێ

دەنگی کورد = می ♭

دەنگی حیجاز = فا ♯

دەنگی نەوا = سۆڵ

دەنگی حسەینی = لا

دەنگی عەجەم = سی ♭ یان ئەوج = سی ♭

دەنگی کردان = دۆ یان شاهناز = دۆ ♯

دەنگی موحەییەر = ڕێ

ڕەگەزەکانی ئەم مەقامە بریتین لە چەند ڕەگەزێ کە سەرەکین‌و لە ووتنی مەقامەکەدا دیار دەکرێ ، گەر بە تەواوی بوترێ ٠ وەك ئەم نموونەی خوارەوە :

## نموونەی ( ٢ )

١ ـ رەگەزی یەکەم حیجازە لەسەر ( دوگا ) ( پێ ) بە چوار دەنگ ·

٢ ـ رەگەزی دووەم بەیاتی‌یە لە سەر دەنگی حسەینی ( لا ) بە چوار دەنگ ·

٣ ـ وە دەتوانین لە رەگەزی دووەمدا هەروەها رەگەزێ تەواوەندمان دەست‌بکەوێ لەسەر نەوا ( سۆڵ ) بەپێنج دەنگ ·

٤ ـ وەیان لەرەگەزی دووەمدا هەروەها رەگەزی ( راست ) مان دەست بکەوێ لەسەر دەنگی ( نەوا = سۆڵ ) بە پێنج دەنگ

٥ ـ وەیان لە رەگەزی دووەمدا هەروەها رەگەزی حیجازمان دەست بکەوێ لەسەر دەنگی حسەینی ( لا ) بە چوار دەنگ ·

سێوە وەك وتمان ئەم مەقامەی لە سەر دەنگی نەوا ( سۆڵ ) وەتووە ، کەواتە پلەی دەنگەکانی بەم شێوەی لێدێ ·

## نموونەی (٣)

دەنگی نەوا = سۆڵ

دەنگی شوری = لا ♭

دەنگی نەهەفت = سی

دەنگی کردان = دۆ

دەنگی موحەییەر = پێ

دەنگی وەلای (سنبلە) = می ♭ یان وەلای سێ‌گا = می ♭

دەنگی ماهوران = فا یان وەلای حیجاز = فا ♯ ♯

دەنگی وەلای نەوا = سۆڵ

کەواتە رەگەزەکانی بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێت ·

## نموونەی (٤)

١ - وانە رەگەزی یەکەم حیجازە لە سەر نەوا ( **سۆڵ** ) بە چوار دەنگ .

٢ - رەگەزی بەیاتی لەسەر موحەییەر ( **ڕێ** ) بە چوار دەنگ .

٣ - رەگەزی نەهاوەند لەسەر کردان ( **دۆ** ) بە پێنج دەنگ .

٤ - رەگەزی راست لەسەر کردان ( **دۆ** ) بە پێنج دەنگ .

٥ - رەگەزی حیجاز لەسەر موحەییەر ( **ڕێ** ) بە چوار دەنگ .

سێوە کە ئەم مەقامەشی وتووە لە سەر حیجاز ، تەنها لە رەگەزی یەکەمدا وتوویەتی ... کە رەگەزی حیجازە لەسەر نەوا ( **سۆڵ** ) وە جار جار چووەتە دەنگی یەکەم و دووەم و سێیەمی رەگەزی دووەم کە رەگەزی نەهاوەندی بەکارهێناوەو لەسەر کردان ( **دۆ** ) ماوەتەوەو لەپاشان بەسەر دەنگەکانی تردا [ نهەفت ( **سیی** ) ] وە شوری ( **لا** b ) هاتووەتەوە سەر نەوا ( **سۆڵ** ) و کۆتایی پێ هێناوە .

**ئەنوەر قەرەداخی**

سلێمانی ٢٩/١٢/١٩٧٩

## شیتەڵ کردنی مەقامی ئەری گوڵی

# شیتەڵ کردنی مەقامی ئەڕێ گوڵێ



## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بەزمانی کوردی :


١ ـ ئۆسکارمان ـ توحفەی موزەفەرییە ـ بەشی یەکەم و دووەم ـ ساخکردنەوەی هێمن بەغدا ـ کۆڕی زانیاری کورد ساڵی ١٩٧٥ ٠

٢ ـ مەسعود محەمەد ـ حاجی قادری کۆیی ـ بەشی یەکەم ـ بەغدا ١٩٧٣ ، کۆڕی زانیاری کورد ٠

٣ ـ د٠ عزالدین مستەفا رەسوول ـ ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی بەغدا ٩٧٠

٤ ـ گیوی موکریانی ـ فەرهەنگی مەهاباد ـ هەولێر ١٩٦١ ٠

٥ ـ شێخ محەمەدی خاڵ ـ فەرهەنگی خاڵ ـ

٦ ـ کەریم شارەزاو جەبار جەباری ـ ئەسیری ـ هەولێر ١٩٧٤ ٠

٧ ـ تاهیر توفیق ـ گۆرانی و هەڵپەرکێ ـ بەغدا ١٩٦٧ ٠

٨ ـ تاهر توفیق ـ ئاوازی بە خۆش ـ هەولێر ١٩٧٨ ٠

٩ ـ زاهیر محەمەد ـ رەنگاو رەنگ ـ کەرکوك ١٩٧٠ ٠

١٠ ـ دیوانی وەفایی ـ لێکۆڵینەوەی ـ محەمەد عەلی قەرەداغی ـ بەغد ١٩٧٨ ٠

١١ ـ دیوانی صافی ـ چاپی سێیەمین ـ هەولێر ١٩٧٣ ٠

١٢ ـ دیوانی دڵدار ـ چاپی دووەمین ـ هەولێر ١٩٧١ ٠

١٣ ـ دیوانی حاجی قادری کۆیی ـ چاپی سێ یەمین ـ هەولێر ١٩٦٩

١٤ ـ گۆڤاری کولێجی ئەدەبیات ـ ژمارە (٢٣) بەغدا ساڵی ١٩٧٩

١٥ ـ گۆڤاری (بەیان) ی ژمارە (٤٧) ی ساڵی ١٩٧٨ ـ بەغدا ٠

١٦ ـ رۆژنامەی هاوکاری ژمارە (٢٧) ی رێکەوتی رۆژی ١١/٧/١٩٧٠ ٠

١٧ ـ یادداشتە هونەرییەکانی ـ هونەرمەند ئەندریۆس باکووری [ دەستنووس ] ٠

## سەرچاوە بەزمانی عەرەبی :ـ


١ ـ القرآن الكريم ـ سورتی (الاعراف) و (النبا) ٠

٢ ـ الدكتور جميل الملائكة ـ ميزان البند ـ بغـداد ١٩٦٥ ٠

٣ ـ الادب العربی للصف السادس الادبي ـ بغداد ١٩٧٢ طـ٤ ٠

٤ ـ مجلة اهل النفط العدد (١٥) السنة (٢) تشرين الاول ١٩٥٢ ـ مقال بقلم الموسيقار ناظم نعيم ٠


## ئەو کەسانەی سوودیان لێ وەرگیراوە بۆ دانانی ئەم کتێبە :

١ ـ مەربێنی قەشە گۆرگیس ، کۆیە ١٨٩٢ ـ بەغدا ئابی ١٩٧٩ ٠

٢ ـ سەلمان یەلدە (سەلمانە سوور) ، کۆیە ١٩٨٥ـ١٩٧٧ ٠

٣ ـ گۆرگیس خواجە یوسف ، کۆیە ١٨٩٨ ٠

٤ ـ حەننا عەبدولکەریم (حەنەکە) ، کۆیە ١٩٠٠ ٠

٥ ـ شمعونی خواجە یووسف (شموون) ، کۆیە ١٩٠٤ ٠

٦ ـ حەننا سولەیمان ( حەنۆی سێمانی) ، هەرمۆتە ١٩٠٨ ٠

٧ ـ شەعیەی مەربێنی قەشە ، کۆیە ١٩١٤ ٠

٨ ـ ئەندریوس ( باکووری ) ، کۆیە ١٩٢٨ ٠

٩ ـ جەرجیس فەرەنسیس (کاکەفەرەنسی) ، کۆیە ١٣٩٠ ٠

جگە لەم برا دیانانەش سوودمان لەم ئەدیبانەی کۆیە وەرگرتووە ٠

١ ـ رۆستەم حەوێزی شاعیر : کۆیە ١٩١٣ ٠

٢ ـ عوسمان عەونی ی شاعیر : کۆیە ١٩١٤ ٠

٣ ـ (جەلال جۆبار) ی شاعیر : کۆیە ١٩٢٩ ٠

الأمانة العامة
لإدارة الثقافة والشباب

# مقامات
## الفنان الكردي «سيوه»
## في ميزان الأصالة

رقم الإيداع في المكتبة الوطنية (١٣٣٣) ١٩٨٢ السعر ٣٠٠ فلساً

طبعت في مطبعة «حسام» بغداد